هەولێر

## ئەزموونی عەشق

خوێندنەوەیەکە بۆ کتێبی (لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی) ی ڕێبوار سیوەیلی

هۆشەنگ شێخ محەمەد یوسف

کوردستان 2004

پێرست:

پێشەکییەك
سەرەتا
بەشی یەکەم: قسەکردن لەسەر چل و پێنچ لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە
ترس لە باسی خۆشەویستی
چەمك یان چەمکەکانی خۆشەویستی
هەندی سەرنجی دی لەسەر بەشەکانی دیکەی کتێبەکە
سەرچاوەکانی خۆشەویستی
لە خۆشەویستییەوە بۆ پەیوەندی
لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی
درککردنی خود
خۆشەویستی لە نێوان ئارەزوو و هەستکردندا
ڕۆژی خۆشەویستی

بەشی دووەم: خۆشەویستی لە بەیتە کوردییەکاندا
1. خۆشەویستی لە بەیتی مەم و زیندا.
2. خۆشەویستی لە بەیتی لاس و غەزالدا.
3. خۆشەویستی لە بەیتی برایمۆکدا.
4. خۆشەویستی لە بەیتی ناسر و ماڵ ماڵدا.

بەشی سێیەم: درۆی قەیرەیی و ڕەهەندەکانی

بەشی چوارەم :لە دەفتەرەکانی خۆشەویستیدا
نامەکانی هەتاو.
نامەکانی تریفە.

پێشەكییەك

بە بیرم دی هێشتا منداڵ بووم و لە دانیشتنێكی ماڵی
برا گەورەكەم باسی وشەی (خرپن) كرا كە ناوی كۆمەڵە
شیعرێكی جەلال مەلا حەسەن بوو. پرسیاریان لە ناوی خرپن
ئەكرد. گووتیان ئەوەی عاشق بێت مانای ناوەكە
ئەزانێت. منیش بی ئەوەی بە دیقەت ئاگام لە باسەكە
بێت و بیر لەقسەكەی براكەم (دكتۆر زیاد) بكەمەوە. گووتم
(ئەدی لۆ ئەمن نزانم. ؟!) وەك ئەوەی بڵێی منیش
عاشقم. ؟! بی ئەوەی مەبەستم بێت مانای دەستەواژەكەم
وایلێهات. هەر هەموو ئەندامانی كۆڕەكە كردیانە
پێكەنین و تەشقەڵە پێكردنم. گوایە من عاشقم. ؟!
بی ئەوەی بزانم عەشق چیە و ڕەهەندەكانی چین. ئەو
هەستەیان دامی كە شەرمە من عاشق بم. بە عاشقبوونی من
جێگەی گاڵتە و پێكەنینە. لە هەمان كاتیشدا تێگەیشتم
كە پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوان شیعر و عەشقدا هەیە.
ڕۆژان چوون و ڕۆژان هاتن و منیش گەورە بووم و ئەو
ڕووداوەش هەمیشە لە یادەوریمدا زیندوو بوو زۆرجاریش برای
خۆشەویستم كاك زیاد تا ئێستاش بە بیرم دێنێتەوە و
پێم پێئەكەنی. ؟!
لی من گەورە بووم و هەم عاشق بووم و هەم دەستم بە
نووسینی شیعر كرد و شیعریش بووە بەشێكی گەورەی ژیان و
چیرۆكی خۆشەویستی و نامەكانم.
یەكەم كچ خۆشمویست و موسارەحەشم نەكرد. تا ئێستاش بە
جۆرێك لە جۆرەكان ئەو كچە لای من گەورەیە و خۆشەویستە.
دووەمیان ئەزموونێك بوو ئەبوایە لە تەمەنی هەڤدە
ساڵیدا بیبینم و بیكەم خۆشەویستییەكی سارد و سڕ كە هەر
لەسەرەتادا زۆر كەمو كوری هەبوو. زۆربەی
كەموكورییەكانیش لە منەوە بوون. بەوەی تارادەیەك
مرۆڤێكی تۆزێك بیر تەسك و نەكراوە بووم و خۆم زۆر پی
شەریف بوو و پێشم وابوو خۆشەویستی ئەبێت (عوزری) یان
پاكیزەیی بێت.
سێیەمیان ئەزمونێك بوو هەژاندمی لەو ئەزموونەدا توانیم
لەگەل هەندرێنی برادەر و عاشقدا لەگەل زیادە فەندی و
سامان و راوێژ و ئازای برادەردا و لەگەل ڕووداوەكانی
ئەم عەشقە لە ئاشكرابوون و توڕەبوونی ئەو كەسانەی تا

ئێستاش خۆشمئەوێن و رێزیان ئەگرم. لە جیابوونەوە و یەکدی نەدیتنەوە. لە کۆتایی هاتن و. . . . لەگەڵ هەموو خۆشی و نەخۆشییەکانی ئەو چیرۆکە. بە چەمکی عەشق و خۆشەویستیدا شۆرببمەوە و خۆشەویستی ببێتە هەوێنی دانیشتنی دەیەها شەو و رۆژ و نووسینی چەندین بابەتیش. لی ئەزموونی چوارەمم ئەوەیان زۆر تایبەت و بەرفرەه و قووڵ بوو. پێم وایە ئەوەیان عەشقێکە بەردەوام. دوای دوو ساڵ لە نووسینی سەدان نامە بۆ یەکدی و دواییش ماڵ و مناڵ دروستکردن و پێنج ساڵ تەمەن پێکەوەبوون و تا ئێستاش بەردەوام لەو عەشقە. . کە رەنگە لەناو ئەو کتێبەدا هەندێکی باسکرابێت. ئەو قسانەی لەو کتێبەدا تۆمارم کردوون زادەی ئەزموونەکانی خۆم و برادەرەکانمن کە هەمیشە لە عەشق و بی عەشقیدا بە مەسەلەی عەشق خەریك بووینە. وەك لە چیرۆکەکەی منداڵیشم را دیارە کە دکتۆر زیاد عەشق و مەعریفەی پێکەوە بەستەوە بەوەی ئەوەی عاشق بێت ئەتوانیت بزانێت خرپن مانای چیە؟! ئیدی منیش تێگەیشتم خرپن چیە و دوایین شتیش لەسەر عەشق پێمزانبێت ئەو نووسینانەیە لە ناو ئەو کتێبەدا جێیان بۆتەوە وتەعبیر لەو مەعریفەیەی من ئەکەن کە لە ئەزموونەکاندا بەرهەمهاتووە. بەو هیوایەی ئەو کتێبەش رێزێك بێت بۆ بەرزترین و جوانترین هەستی مرۆڤەکان. نووسینێك بێت تۆزێك حورمەت و کەرامەت بە عەشق و عاشقان بداتەوە. دواییش کتێبێك بێت چێژ بداتە خوێنەرانی. بەو مەبەستە ئەو کتێبە نووسرا.

هۆشەنگ

سەرەتا

لە رۆژی 2004/11/5 تریفە خان کە ئەکاتە خۆشەویست و هاوسەرم کتابێکی بە دیاری پێشکەش کردم. پێش ئەوەی کتابەکەم بداتی گووتی ئەمرۆ دیارییەکم بۆ هێناوی. بزانم. ئەزانی چیە. . ؟ من هەستم کرد ئەو کتابە بێت. کە ئەوبوو (لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی) ی مام رێبوار سیوەیلی.
دیارە پێش ئەو کتابە مام رێبوار سیوەیلی خۆی وەك چیرۆکێکی خۆشی من زۆر جار لەگەڵ تریفە و برادەرانی دیکەدا باسکراوە و قسەی لەبارەوە کراوە. . بە تایبەتیش

بەر لە ماوەیەکی کەم. مەبەستم ماوەی نووسینی ئەم نووسینەیە. کە نەتەوە و حەکایەتی ئەوم ئەخوێندەوە و دواییش نامەیەکم بۆ نووسی و ئەویش کتێبی هاوکاتی و هاوشوناسی بە دیاری بۆ ناردم.
هەر چۆنێك بێت. دیارییەکەی تریفە خانم وەرگرت و یەکسەر کەوتمە خوێندنەوەی. بۆچی یەکسەر رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە یەکەم. کتابەکە هی مام رێبوار بوو و دووەمیش. لەسەر خۆشەویستی بوو و سێیەمیش. دیاری تریفەی خۆشەویست بوو. لەبەر ئەم هۆیانە دەستم بە خوێندنەوەی کرد. لی نەمزانی لەگەل خوێندنەوەیدا ئاوەها زوو وام لێئەکات یەکسەریش دەست بە تۆمارکردن و نووسینی سەرنجەکانم بکەم. . خۆی هەموو نووسینێکم لەسەر هەر کتاب و بابەتێك دوای خوێندنەوەی تەواوی بابەتەکە هاتووە. .
وەلی ئەمجارەیان یەکسەر دوای خوێندنەوەی چل و پێنج لاپەرە لە کتابەکەی کەوتمە نووسینی سەرنجەکانم و لەژێر ناوی قسەکردن لەسەر چل و پێنج لاپەرەی یەکەمی کتێبەکە دەستم پێکرد. . دوای ئەوەش لەگەل خوێندنەوەی بەشەکانی دیکە سەرنجەکانی دیکەم تۆمار کردن. .
دواییش تێگەیشتم کە باسکردن لە چیرۆکەکانی مەم و زین و شیرن و فەرهاد پێویستییان بەوە هەیە زیاتر لەسەریان راوەستم و بەڵگەکانی خۆم لە بارەی هەر قسە کردنێکم لەسەر ئەوانە پێشکەش بکەم. . دواییش باسەکە منی گەیاندە سەر مەسەلەی بەناو (قەیرەیی) و پێویستی کرد لەسەری راوەستم و چەند سەرنجێك تۆمار بکەم. دوا بەشیش لەم کتێبە چەند لاپەرەیەکی ئەو نووسینانەن کە لە لایەن بەندەوە بۆ دووکەس نووسراون. . هیوادارم تەنیا و تەنیا وەك ئەزموونی من بخوێندرێننەوە و هەوڵ نەدرێت کەس بە ئەزموونی خۆی بچوێنێت یان هەوڵ بدا کۆپی ئەو نامانە بکات بۆ کەسانی دی چونکە لە باری زۆر تایبەت و بۆ کەسی تایبەت نووسراون. تکایە خۆشەویستان بزانن خۆشەویستی ئەزموونی تایبەتی دووکەسە لە بارودۆخی تایبەتی خۆیاندا.
نامە و شیعر و نووسینەکانی ئەو دووکەسە تایبەتە کەلەو بارە تایبەتەی ئەواندا لە دایك ئەبن. تایبەتە بەو ئەزموونەی ئەوان و پێویستە وا بخوێندرێنەوە.
بەو ئومێدەی توانیبێتم شتێکی نوێم پێشکەش کردبێت خۆشحاڵ ئەبم کە ئەمخوێنییەوە. . ئەی گەورە خۆت. . خوێنەر.

بەشی یەکەم
1
قسەکردن لەسەر چل و پێنج لاپەرەی یەکەمی کتێبەکە

ئێستا لای من کات یازدە و سی و پێنج دەقەی شەوی چوار لەسەر پێنجی مانگی یازدەی دووهەزار و چوارە. پێش نزیکەی چل و پێنج دەقە چوار وتاری کورتم بۆ تریفە خان ئەخوێندنەوە. کە هەر چوار بابەتەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان باسیان لە گۆرینەوەی هەستەکان و سۆزدارییەکانی نێوان مرۆڤەکان ئەکرد بە تایبەتیش هاوسەران.
کارەبا نیە و لەبەر شۆقی لالەیەکی کز و بۆنی نەوتدا . کتێبەکەی مام رێبوارم دەستپێکرد. هەستم کرد ئەبێت لە سەرەتاوە قەڵەمم پێبێت و هەندی کاغەزی سپیم لەبەر دەست بن بۆ ئەوەی قسەکانی مام رێبوار بە هەند وەربگرم و هەوڵیش بدەم لەگەڵیدا بکەومە گفتوگۆ و قسە گۆرینەوە. چونکە ئەمەش بۆ من. . یەعنی نووسینەکانی مام رێبوار هەمیشە خەسڵەتییانە قسە بڵێن و قسەش دروست بکەن. واتە خوێندنەوەی مام رێبوار وەك گوێگرتن نیە لە موحازەرەی مامۆستایەك تا کو فێرە شتت بکات. یان قسەکانی هی کەسێك نین ناچارت بکات تەنیا گوێی لێبگری. یان با بڵێم پەیوەندی من وەك خوێنەر بە مام رێبوار وەك نووسەر پەیوەندییەکە وەك خۆشەویستی. دوو کەس هەردووکیان نێرەر و وەرگرن. یان عاشق و مەعشوقن لەگەل یەکدا کە وزەی ئەوە ئەدەنە یەکدی هەردووك قسە بۆ یەك بکەن و قسەش لەگەل یەکدی بێننەدەر و شت بدۆزنەوە بۆ وتن. ئیدی من باوەرێکم هەیە. قسەکردن زۆر جار تەنیا لە زانین و ناسینی شتەکان و چەمکەکانەوە نایەت کە بەهۆی خوێندنەوە و سەرچاوەکانەوە بەدەست بێت. زۆر جار رەنگە ئەمە لای کەسانێکی زۆر کەمیش بێت. لی زۆر جار قسە لەوێوە دێت کە تۆ (هەست) ئەکەیت لەبەرامبەر چەمکێکدا وەستاوی ئەتوانی قسەی لە بارەوە بکەیت. مەرج نیە قسەکانت پێناسەی چەمکەکە بکەن. یان بە تەواوی بیدرەوشێننەوە یان ئاشکرای بکەن. نەخێر زیاتر قسەکان تەعبیرن لەو هەست و لەو تێگەیشتنەی خۆت کە تۆ وەك تاکە کەسێك خۆت ئەزموونت کردوە و قسەکانیش دێن هەستی ئەو ئەزموونە. یان عەقڵی ئەو ئەزموونە. یان خەیاڵی ئەو ئەزموونە ئەکات. یان ئەتوانم بڵێم قسەکان دێن باسی سۆزەکانی تاکەکە ئەکات لە ئەزموونەکەدا. یان بیرکردنەوەی تاکەکە لە ئەزموونەکەدا. یان جەستەی تاکەکە لە ئەزموونەکەدا یان هەر سی بەشی تاکەکە لە ئەزموونەکەدا.

هەر چۆنێك بێت. پەیوەندی من و مام رێبوار.
گۆرینەوەی قسەیە. گۆرینەوەی هەست و سۆز و خەیاڵ و بیر
و جەستەشە. پەرینەوەیەکیشە بۆ گەیشتن بە یەکدی و
شکاندنی دووری فیزیکی نێوانمانە و دانیشتنە لەسەر یەك
مێز و دووکورسی بەرامبەر یەك. ئەو لەبەر دەستەکانی
مندایە و منیش لە ناو بیر و وشە و رۆحی ئەودا.
لێرەشدا رەنگە موناقەشەکە دەست پێبکات و کە دوای
خوێندنەوەی چل و پێنچ لاپەرە لەو کتابە جوانەی.
ئەبوایە قەڵەم بگرم و زمانم هەڵبێنم.

ترس لە باسی خۆشەویستی
رەنگە مام رێبوار بە درێژایی ئەو چل و پێنچ لاپەرەیە
زیاتر خەمی ئەوەیەتی کە باس لە نووسینەکەی خۆی بکات و
پێناسەیەکی بۆ خوێنەران بداتی. تاکو خوێنەر بە
جیاوازی جۆرەکانییەوە و بە جیاوازی خواستەکانییان. .
بەجیاواز کتێبەکە بخوێننەوە و مەرجیش نیە هەموو
خوێنەرەکان کتێبەکە لە بەشی یەکەمەوە بخوێننەوە.
بەڵکو ئەکرێت لە دوابەشدا دەست پێبکەن.
لێرەدا ئەو پرسیارە دروست ئەبێت. ئەم خەمە یان ئەو ترسە
بۆچ. . ؟!
لەبەر خودی کتێبەکەیە کە خۆشەویستی بابەتییەتی. . ؟ یان
لەبەر شێوەی خوێندنەوەی ئەم چەمکە کە خوێندنەوەیەکی
کۆمەڵناسانەی خۆشەویستییە. . ؟
ئایا جیاوازی لە نێوان خوێندنەوەکان بۆ خۆشەویستی ئەم
ترسە دروست ئەکەن. . ؟ یان هەر هەموو خوێندنەوەکانی
خۆشەویستی هەڵگری ئەم ترسەن؟
ئەم ترسە. ترسی چەمکێکە کە تا ئێستا هەمیشە بە
ریسواترین و نابووتترین و زەلیلترین و خەمگینترین چەمك
پێشبەر کراوە و تەنانەت لە زۆر نووسین و شعر و دەقی
نووسراو و ئەدەبیدا _ کە مام رێبوار خۆی لی بە دوور
گرتوون و باسیان ناکات _ بۆتە کۆمیدیا و. . تراژیدیترین
هزر و رەفتار بەرامبەر بەم چەمکەدا بەرهەمهاتووە. .
دیارە سەرچاوەی ترسەکە تەنیا پەیوەندی بە گیانی
مەسئولدارانەی مام رێبوار نیە بەرامبەر بە نووسین و
سۆزداریشی نیە لەگەل منی خوێنەردا. بەڵکو خۆشەویستی
وەك چەمکێك رەنگە بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان
بخوێندرێتەوە. پێویستی بەوە هەبێت رێنمایی بدەیتە
خوێنەر کە چۆن خوێندنەوەکەت کردووە و ئەویش چۆنی
بخوێنێتەوە و چۆن ئەکرێت لە بارەیەوە قسان بکەین و
دواییش بە ئەنجامگیری و بی ئەنجامگیریی کارێکی ئەوتۆ

نەکەین کە لە جیاتی ناسینێك. رۆشنکردنەوەیەك. زیاتر
سەر لەیەکدی بشێوینین و لە مەسەلەیەکی ئاوا حەساسدا.
وا نەکەین کاری بکەین دوای خوێندنەوەکان چەمکەکان
تێکەڵ بکەین و سەرو بنی بابەتەکەمان لی ون بێت و
کۆمەڵی هەستی سلبی لای یەك بە جێبێڵین؟!
هەمیشە ترسێك لە خۆشەویستی و حەزلێکردن و عەشقدا
هەبووە. هەمیشەش تا ئێستا هەیە. کی ئەو ترسەی چاندووە؟
کی ئاویداوە و تا ئێستاش ئاو ئەدری و هەر نما ئەکات؟
رەنگە زیاد لەسەر چاوەیەك ئاورشێنی باخەکانی ترسی
خۆشەویستی و عەشق و حەزلێکردن ئەکەن. زیاد لە دەستێك
و جەستەیەك و هزرێك لە پشت ئەو رسکانە بەردەوامەی ئەو
ترسەن.
ئەوە دەستی ئەدەبیاتێکە کە سالآنێکە ئەنووسرێت و بە
خوێندنەوەیەکی عەسکەریانە و شەرانییانەوە خۆشەویستی و
عەشقمان بۆ پێناسە ئەکات. ئەوە چاوی رۆشنبیرییەکە یان
چاوەکانی رۆشنبیریەکن کە خۆشەویستی پرئەکەن لە زنجیر و
قەید و ریسوایی و بێزاری و شەرمەزاری.
ئەوە ئایەتەکانی دینێکن کە عەشق تیایدا ئەبێتە وەهمێك
و عاشق و مەعشوقیش بی شکل و شەمایلێکی مرۆڤدۆست و
ژیاندۆست و عەشقدۆست و خۆشەویستیدۆست و هەبووندۆست.
ئەوە کۆمەڵگایەکە کە رۆشنبیری و کەلتورە دینییەکەی.
سرووتەکانی. بەو شێوەیە رێك ئەخەن کە بڵێێت:
خۆشەویستی. گەورەترین درۆیە. قسەی پرو پووچە. گەمەی
مندالآنە. خۆشەویستانیش هەمیشە بۆ ئەوە باشن. رەنگیان
زەرد بێت و بی بەرهەم بن و بی ژیان بن و هیچوپووچ و
خاین و غەدار و تورەهات بن.
کۆمەڵێکە ئەگەر تۆ نامەیەکی پر لەقسەی جوانی
خۆشەویستی و میهرەبانی عەشق و تەرترین و نازدارترین
وشەکانی حەز بۆ کچەکەی من یان خوشکەکەی من بنووسی. ئەوە
ئەبێت یەکەمجار حەیای منت بردبێت و ئەگەر برادەریشم
بیت ئەوە خیانەتت لێکردووم و غەدرت دەرهەق ئەنجامم داوم
و ناپیاوەتیت لەگەل نواندووم. دواییش خوشکەکەم یان
کچەکەم بێناموس و بێشەرمە و ئەویش خەنجەری
لێوەشاندووم و شەرەفی لەکەدار کردووم و شایانی ئەوەیە
لە ناوی ببەم. دواتریش رەنگە ئەو کچەم یان ئەو خوشکەم.
لە شەرمەزاری خۆیدا. عەشقدۆستییەکەی. هەبووندۆستییەکەی
بە مەرگێکی نابووتەوە. بە ئاگربەردانێکەوە لە حەمام.
یان لە ژووری نووستنەکەیدا بگۆرێتەوە. بۆ ئەوەی خۆی لە
تەماشا و دیتنە ترسناکەکانی مندا خەلاس کات. بۆ ئەوەی
منی باوك و برا. شەرەف و نامووسم پاك بێتەوە لەو
پیسییەی خۆشەویستی وعەشقی خوشکەکەم یان کچەکەم لەگەل

کوریك دروستی کرد.
بەلاَم خۆ ئەگەر تۆ نامەیەکی پڕ جوێنت بۆ خوشکەکەم یان کچەکەم نووسی ئەوا رەنگە هەر بە خەیاڵیشمدا نەیەت و هەست بە ئیهانە و شەرمەزاریش نەکەم.
یەعنی تۆ بۆت هەیە رقت لە خوشك و کچەکەم ببێتەوە. با منیش بزانم کە تۆ هەوەستت پێنایی و ناتەوی چاوت بە چارەی بکەوی. هیچ سۆزی ئیجابی لای تۆوە نەجولاَندووە و عەقڵیشت نەیبریوە و خۆشتناوی. بەو شتانە من تورە نابم. لی ئەگەر خۆشتویست و بە حەسرەتی دیتنێکی بیت تا تۆزێك دڵت ئاو بخواتەوە ئەوە بزانە تورەت کردووم. خۆ ئەگەر بزانم ئەتەوی پەیوەندی لەگەل بکەیت و بیدوێنی و عیلاقەیەك دروست کەن. هەست و سۆز و عەقل بگۆرنەوە. ئەوا کوفرێکی گەورە دەرهەق بە من ئەکەیت.
تۆ ئازاد نیت حەز لە خوشکی من یان کچی من بکەیت. ئازاد نیت داوای عیلاقە و سۆز گۆرینەوە و دڵ گۆرینەوەی لەگەل بکەیت. ئەویش بەهەمان شێوە نابێت حەزت لێبکات و سۆزداریت لەگەل بکات.
ئەتوانێت رقی لە تۆ ببێتەوە و لای منیش رقەکەی ئاشکرا بکات و پڕ بە دەمیشییەوە جوێنت پی بدات و قسەی خراپت پی بڵێت و بەهای مرۆڤانەت لە لا نەهێڵێت.
ئەتوانێت تەهدیدت بکات و حەزی ئەوە پەیدا بکات لە ناو بچیت. نەمێنیت و ون بیت.
لی ناکرێت بەقەد سەرە دەرزییەکیش دوو قسەی جوانت بۆ بنووسێت و بەدزیشەوە بۆت بنێرێت. ناکرێت خەونت پێوە ببینێت. لە باوەشت بگرێت و قسەت لەگەڵ بکات و هەستەکانی خۆشەویستی و سۆزدارییەکی گەرم و گوڕ ئاشکرا کات.
بەکورتی ئێمە لە کۆمەڵگەیەکداین. دەرفەتی رق لێبوونەوە و قین دەرخستنی هەیە و دەرگەکانی پەیوەندییە توند و تیژەکان و دوور لە گۆرینەوەی هەست و بەها مرۆڤایەتییەکان لەسەر گازەری پشتن و تەنانەت رەنگە ئافەرینی ئەو خوشك و کچانەشم بکرێت کە (پیاوانە) (بە تفێك یان قسەی رەق) وەلاَمی ئەو کوڕانە ئەدەنەوە کە ئەیانەوێت خۆشەویستییان لەگەل بگۆرنەوە. بە دڵرەقی وەلاَمی ئەو وشە و شیعرە تەرانە ئەدەنەوە کە باس لە جوانی و بەهای ئینسانانەی ئەوان ئەکەن.
ئیدی لەبەرامبەر خۆشەویستیدا کۆمەڵێك هەیە بەردەوام ئەندامەکانی ئەترسێنی و پێیان ئەڵێت خۆشەویستی لە ناو ماڵەکەتدا مەچێنە. خۆشەویستی یەعنی حەیا چوون و ناموس بەهەدەردان. نەکەی کەس هەڵتخەڵەتێنی و بە دوو قسان وەدووی عەشق و حەز حەزۆکانی بکەوی؟ کچی نەکەی.

دوایی بەخت رەش و چارەرەش ئەبی. حەیاشت ئەچی و رەنگە بشكوژرێی.
بەو كەسانەش ئەڵێت كە دێنە ماڵی من و هەموویان
برادەری منن. نەكەی حەز لە خوشكی من بكەیت و عیلاقەی
لەگەل ببەستیت. نەكەی نامەی خۆشەویستی بۆ بنووسیت و
دوایی ئەو نامانە بگرم ئەوا دەلیلی خیانەت و غەدرتان
ئاشكرا ئەبێت.
بەڵی ئەو نامەیەی كە ئەڵێت. (ئەی جوانترین كچی ئەم
دونیایە. ئەی میهرەبانترین شۆخی ئەم ولاَتە. ئەی هەناسەی
رۆحی من و سەودای سەر و خەیاڵی من. ئەی هەتاوەكەم لەم
وێرانەی دونیایەدا. تۆ وزەی ژیانێكم پی ئەبەخشیت كە
پڕیكەم لە گول و باخچە و نەمامەكانی عەشق و ئەڤین. تۆ
ئەو خەونانەم لە لا ئەچێنی كە دونیا بكەم بە
گوڵزارێك لە رەنگی چاوەكانت. خۆزگەی ئەوە بخوازم. ئەم
جیهانە لە بخوری بۆنی پرچ و پەرچەمی تۆوە غەرق بێت و
وەك بالاَشت هەموو شتەكان بۆ سەرەوەو و بەرزایی
هەڵكشێن. )
ئیدی ئەم وشانە ئەكرێت ببنە دەلیلی غەدر و بێوەفایی و
خیانەتی تۆی برادەر لەمنی برادەر. ئیدی لێرەوە ئەی
برادەر گیان بزانە من و تۆ چەند نامۆین بە یەكدی و بە
خۆشەویستی و بە برادەرایەتی و بە دونیا و بە مرۆڤ؟ چەند
نەشارەزاین لە پەیوەندی و لە ناسینی بەهای خۆمان و
خوشكانمان و سۆزەكانی یەكدی. چەند خەشیمین كە لە
سەرەتاییترین پنتی ژیان و هەبوونمان ناگەین و. چەند بی
شانس و بەدبەختین كە لەم نامانەی خۆشەویستیدا جوانی و
بەهای خۆمان و مرۆڤانی تێدا نابینینەوە.

ئیدی مام رێبوار چۆن نەترسێت. كە ئەزانێت بە زمانێك
ئەنووسێت تاكەكانی بەو زمانە قسان ئەكەن. خاوەن
كەلتورێكن خۆشەویستی بە پیسی ئەبینێت. خاوەن
ئەدەبیاتێكن. شاعیرانێكن. نووسەرانێكن. كە
خۆشەویستیان بردۆتە ئاسمان و لەدڵ و دەماغ و جەستە و
خەیاڵ و هەستەكانی مرۆڤدا رەشكردۆتەوە.
تۆ قسە بۆ كەسانێك ئەكەیت. كەلتورێك پێیان ئەڵێت.
تۆ قەت عاشق نابیت ئەگەر عاشقیش بیت. ریسوایت و
مەحكومیت بە شەرمەزاری.
ئیدی تێبگە مرۆڤ. تۆ خودا نیت تاببیە عاشق و مەعشوق.
ئەو زاتە نەجیبەش نیت شایانی ئەو سۆزداری و وزەی ژیانە
بیت.
ئیدی قوربان چۆن ناترسێیت و چۆن ئێمەش ناترسێین كە
ئەو قسانەت لەگەل ئەكەین. ئێمە مرۆڤین و خودانین. هەر

قسەیەکمان بۆی هەیە. بمانکا بە قەشمەر. بمبورە لەو
قسەیەم بەلاَم ئیدی بەشێکی گەورەی ئەدەبیات و
عەقلییەتی کۆمەڵگەمان شایەدی قسەکەمە!
هەر چۆنێك بێت
خوێنەر گیان. مام ڕێبوار هەقییەتی کە لەوە بترسێت
باسەکەی بەشێوەیەکی دیکە بخوێندرێتەوە. دوور لەو
خوێندنەوەیەی ئەو. ئەگەرچی ئەو بە هیچ شێوەیەك
خوێندنەوەکەی بۆ ئەوە نەکردووە تاکو بیسەپێنی و زۆریش
تەئکید لەوە ئەکاتەوە و تەنانەت بۆ پاڵپشتی ئەم
نەسەپاندنی خوێندنەکەی ئەوە ئاشکرا ئەکات کە هەم
باسکردنی خۆشەویستی بەوەی ژیانی تاکەکاسانەیە و لە
زانستی کۆمەڵناسیدا کایەیەکی تازەیە. هەم تەئکیدیش
ئەکاتەوە بنەمای بابەتی خوێندنەوەکەی سۆزدارییە و
مومکین نیە وەها دەستی تێوەربدرێت تا خوێندنەوەی
سەپاوی لی بەرهەمبهێنرێت و زیاتریش لەمە مام ڕێبوار
پەنا ئەباتە بەر قسەیەکی (نەنسی چودورو) بۆ ئەوەی
زیاتر جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە خوێندنەوەکەی ئەو بۆ
خۆشەویستی. خوێندنەوەیەکە بۆ پەیوەندی دوو تاکە کەس
بەیەکەوە.

چەمك یان چەمکەکانی خۆشەویستی

دوای ئەوە مام ڕێبوار باس لە سی (چەمك) ئەکات. کە
ئەوانیش (حەز لێکردن. خۆشەویستی. عەشق) دواییش لە
لاپەرە 33 دا نەخشەیەك ئەخاتە پێشچاو بۆ زیاتر
ڕوونکردنەوەی قسەکانی لەسەر ئەم سی چەمکە و دواییش هەر
بە قسەکردنەوە لە ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکانە بەردەوام
ئەبێت.
لەگەل خوێندنەوەی کتێبەکەدا تا ئێرە. ڕەنگە چەند
پرسیارێك لە لای منەوە دروست بووبن. یەکەم پرسیار
ئەوەیە. ئایا خۆشەویستی تەنیا یەك جۆری هەیە یان چەند
جۆرێکی هەیە؟ واتە ئەکرێت خۆشەویستیش پۆلینکەین و
دابەشی کەینە سەر چەند ناوونیشانێك؟ یان خۆشەویستیش
وەك مردن تەنیا یەك جۆرە؟ مردن. هەر مردنە جا بەهەر
شێوەیەك ڕوودات. ئایا خۆشەویستیش وایە؟ خۆشەویستی
خۆشەویستیە؟ جا چۆن لەدایك ببێت و ڕوودات و چۆنیش
بکرێت و لە کوی و کەییش بکرێت؟ دواییش ئەگەر بە
گریمانەش بێت بڵێین ڕەنگە خۆشەویستی چەند جۆرێکە.
ئایا ئەکرێت یەکسەر بروا بە پۆلینکردنەکە بکەین و
باوەرِ بەو خشتانە بێنین کە ناوی جۆرەکانی خۆشەویستی

تێدا نووسرابێت؟ بۆ نموونە بڵێیت خۆشەویستی
ڕۆمانتیکی. خۆشەویستی ئەفلاتۆنی. خۆشەویستی پاك. یان
پاکیزەیی. خۆشەویستی لەگەڵ سێکس. خۆشەویستی لە دووری.
خۆشەویستی لە یەکەم دیتندا. خۆشەویستی لە ئازاردا. ؟ یان
هەر ناوێکی دیکەش کە رەنگە بە خوێندنەوە و پەیداکردنی
زانیاری مێژوویی و کۆمەلاَیەتی بتوانین بیدۆزینەوە و
وەك جۆرێکی خۆشەویستی وەسفی بکەین. ؟ دوای ئەوەش رەنگە
بێینە سەر باسی هەندی جۆری دیکە لە خۆشەویستی وەك
. خۆشەویستی دایك و خۆشەویستی نیشتمان و خۆشەویستی خاك و
ئاو و دار و باری ولاَت و خۆشەویستی باوك و منداڵ و
کەسانی دیکەش؟دواییش خۆشەویستی خواو بەهەشت و پێغەمبەر
و فریشتەکان؟
پرسیاری دووەم. کە رەنگە ئەویشیان راستەوخۆ پەیوەندی بە
پرسیاری یەکەمەوە هەبێت. ئەوەیە. ئایا حەزلێکردن و
خۆشەویستی و عەشق. ئەمانە سی چەمکی جیاوازن وەك ئەوەی
مام رێبوار دەستنیشانی کردوون؟ یان ئەکرێت گومان لەو
تێزە بکەین و بڵێین ئایا ئەمانە هەر هەموویان سی
ئاستی جیاوازی یەك چەمك نین کە ئەویش عەشقە یان
خۆشەویستییە یان حەزلێکردنە؟!
لێرەدا پێویست ئەکات ئێمەش بڵێین. مانا
قاموسییەکانی وشەکان ناتوانن نە قەناعەتمان پی بکەن بەو
مانا قاموسیانەی کە هەڵیانگرتووە و نەئەتوانن رێشمان
لێبگرن لە کارکردن لەسەر ئەو مانایانەی خەڵك و جڤاك
بەو ناوانەیان بەخشیون و بوونەتە خاوەن بەهای جیا لە
مانا فەرهەنگییەکان. هەروەها لە هەمانکاتدا ئەکرێت لە
ناو خوێندنەوەکاندا _ئەگەر ئیمکان هەبێت _ بە دووی
ناوی نوێش بگەرێین ئەگەر بزانین بەم ناوە نوێیانەوە
ئەتوانین خوێندنەوەیەکی باشتر پێشکەش بکەین.
(قوربانەکانی من) . ئێستاکە من لێرەدا بە ئاسانی
ئەمتوانی بڵێم: (خۆشەویستانم) . لی رەنگە ئاسان
نەبێت بڵێم. حەزلێکەرانم. یان عاشقەکانم. ئیدی
بەکارهێنانی ئەم ناوانە چ بەمانا فەرهەنگییەکەی و چ
بەمانا کۆمەلاَیەتییەکەی هەردەم ئەشێت کۆمەڵی کێشە و
ئاریشەمان بۆ بنێتەوە.
دوای ئەوەش رەنگە لە کاتێکدا کە من موخاتەبەی ئێوە
ئەکەم ئەو مافە بە خۆم ئەدەم کە چۆن و بە چ ناوێك
بانگتان بکەم بە گوێرەی ئەو هەستەی من بۆ ئێوەم هەیە.
بەلاَم ناکرێت تا هەستی ئێوە نەزانم پێشبینی ئەوە
بکەم کا ئێوە بە چ ناوێك بانگم ئەکەن. ئیدی ئەگەر من
قوربانی ئێوەم ئەوە رەنگ نیە ئێوە قوربانی من بن.
ئەگەر ئێوە خۆشەویستی منن ئەوە مەرج نیە من خۆشەویستی

ئێوە بم.
لی ئایا مەسەلەکە لێرەدا تەنیا پەیوەندی بەمەسەلەی زمان لە فەرهەنگ و زمان لە کۆمەڵدا هەیە. یان زیاتر لەمە مەسەلەکە پەیوەندییەکی گەورەتر و قوڵتر و پتەوتری بە کرۆك و جەوهەری سۆز و هەستی ئێمەوە هەیە؟! رەنگە هەردووکیان بن. لی مەسەلەکانی هەست و سۆزداریش بە ئاسانی ناخوێندرێنەوە و باس ناکرێن و پێناسە ناکرێن. هەتا ئەگەر ئەو باس و خوێندنەوە و پێناسانە بۆ سەلماندن و سەپاندنیش نەبن. هەر دەستکردن بە قسە کردن لەمبارەیەوە خۆی لە خۆیدا سەرەتای کێشەیەکی گەورەیە. چونکە نە زمان هاوکاریت ئەکات و نە هەستەکانیش یارمەتیت ئەدەن تا شەرحی خۆت بکەیت. هەست ئەکەیت بۆ هەمیشە پێویستیت بە وشەی دیکە و رامانی زیاتر و تەئەممولی قوڵترە. هەمیشە هەست ئەکەیت. شتێك هەیە پێویستی بە قسە لەسەر کردنە. بەلاَم نەزانیت و بی ئەقڵیت و نزانیت چ بڵێیت. یان هەر چ نەبێت ناتوانیت هەموو شتەکان بڵێیێت یان زۆرترین شت بڵێیت؟! ئەم چ نەگووتن و کەم گووتنەش ئاریشەیەکی دیکەی گەورەیە لەبەردەم فزولی مرۆڤدا بۆ خوێندنەوەی چەمکەکان و هەست و سۆزەکانی خۆی.
ئەمەوێت بگەرێمەوە سەر ئەوەی. ئەگەر خۆشەویستی وەك مردن نەبێت. واتە تەنیا خۆشەویستی و بەس. یەك جۆری هەیە کە ئەویش خۆشەویستییە. جا رەنگە شکل و شێوەی جیاوازی هەبێت بەلاَم لەجەوهەردا یەك چەمکە و یەك جەوهەر و یەك شتە. ئەوەی ئەگۆرێت شێوەی لە دایکبوون و سەرهەڵدانییەتی لەگەل کەسایەتی دوو عاشق و مەعشوقەکە لەگەل یەکدی. بی ئەوەی لە جۆردا جیاواز بن. تەنیا لە شێوازدا جیاوازن. باشە ئەگەر گووتمان با وەك مردن نەبێت و خۆشەویستیش زۆر جۆری هەیە. ئایا جیاوازی خۆشەویستی لە کوێوە سەرچاوە ئەگرێت؟ لە جیاوازی کەسەکانەوە. واتە ئەو کەسانەی خۆشەویستی ئەکەن جیاوازن بەو مانایەی کە بە هزر و هەست و سۆز و کردار و رەفتارەوە جیاوازن؟ هەروەها هەتا ئەکرێت بە شکل و شەمایلیشەوە جیاواز بن؟ یان بە زمان و دین و کەلتوور و رۆشنبیرییەوە جیاواز بن؟ یان بە جۆری کارکردن و ئاستی وشیاری و خوێندن و باوەرنامە و ئیمکانیاتی مادییەوە جودا بن؟ یان جۆرەکانی خۆشەویستی لە جیاوازی سەردەم و بارو دۆخی ئەو سەردەمانەوە سەرچاوە ئەگرێت؟ بۆ سەردەمیش ئەکرێت لە رووی پێشکەوتن و پاشکەوتن و شەر و ئارامی و باشی و خراپی بارە ئابووری و رۆشنبیرییەکان. هتد. . . . جیاوازبن. هەر چۆنێکیش بێت سەردەمەکان بە جیاوازی زۆرو زەبەندی خۆیانەوە هەمیشە خاوەن مرۆڤی جودا و جیاوازن. بەو مانایەی بۆ نموونە

بڵێین لەسەردەمی شەردا. خۆ لەو سەردەمەشدا مرۆڤەکان
هەمیشە لە یەکدییەوە جیاوازن. هەیە شەڕ ئەکات و هەیە
نایکات. ئەوانەی کە نایکەن رەنگە هەر یەکەی هۆی جیاوازی
خۆی هەبێت. ئەوانەی ئەشیکەن رەنگە هەر یەکەی بە
ئامانجێکی جیا ئەیکات؟یەعنی لەسەردەمێکدا کە سەرتاپای
شەڕە. وەلی سەرتاپای مرۆڤەکانیشی خاوەن جیاوازی خۆیانن
. باشە لەو سەردەمەدا کە مرۆڤە جیاوازەکان خۆشەویستی
ئەکەن. یان با بڵێم لە سەردەمە جیاوازەکاندا. مرۆڤە
جیاوازەکان خۆشەویستی ئەکەن. ئایا کامەی بکەینە پێوەری
خۆشەویستییەکان. سەردەمەکە کە سەردەمێکی جیاوازە؟یان
جیاوازی مرۆڤەکان بکەینە پێوەری خۆشەویستی و بە جیاوازی
مرۆڤەکان خۆشەویستی پۆلین بکەین؟ ئیدی خۆشەویستی
بەرەیمرۆڤە شەڕکەرەکان بکەینە جۆرێك و خۆشەویستی بەرەی
مرۆڤە شەڕنەکەرەکانیش بکەینە جۆرێکی دیکە؟ دواییش
شەڕکەرەکان بە گوێرەی ئامانجییان لە شەڕەکەدا
دابەشکەینە سەر چەند جۆری جیاوازتر. و بەرەی
شەڕنەکەرەکانیش بەگوێرەی جیاوازی هۆیەکانی
شەڕنەکردنییان بە جیا دابەشیان کەین؟ خۆ ئەگەر بێت و
جیاوازی مرۆڤەکان بکەینە پێوەر جا چ ئەوەی شەڕ بکات و
چ ئەوەی شەڕنەکات. چ ئەوەی زیرەك بێت و چ ئەوەی
تەنبەڵ. چ ئەوەی قەڵەو بێت و چ ئەوەی لاواز. چ ئەوەی
هونەرمەند بێت و چ ئەوەی نەخوێندەوار. بێجگە لەمانەش
دیسانەوە گەورەترین کێشە ئەوەیە مرۆڤەکان هێندە
جیاوازن کە ناکرێت دوومرۆڤ لەسەر رووی ئەم زەوییەدا
بدۆزینەوە بڵێین ئەمانە وەك یەکن. لێرەدا چەمکی
جیاوازی مرۆڤەکان. بەو مانایەیە لە نێوان هەر دوو مرۆڤدا
جیاوازی هەیە و هەبووە وئەبێت. لێرەشدا ئەو پرسیارە
دێتە پێشی. ئێمە کە مرۆڤی وێکچوومان نیە و کۆمەڵە
مرۆڤێکی وێکچوومان نیە و کۆمەڵە عاشقێکی چوون
یەکیشمان نیە. سەرباری عەقدی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش
و بەرژەوەندی هاوبەش. لی کە مرۆڤی هاوبەشمان نەبێت بە
بی جیاوازی لە بیرکردنەوە. لە بینین و لە هەڵسانگاندن
و لە خوێندنەوە و لە تێفکرین. ئیدی چۆن ئەکرێت
خۆشەویستی دابەشکەینە سەر چەند جۆرێك بە گوێرەی
جیاوازی کەسەکان و. کەسەکان لە سەردەمەکاندا؟ دواییش چۆن
ئەکرێت خوێندنەوەیەکی کۆمەلاَیەتی یان کۆمەڵیی بۆ
خۆشەویستی بە گوێرەی جیاوازی مرۆڤەکان و سەردەمەکاندا
بکەین و ناوی دیاریکراویش بۆ جۆرەکانی دابنێین؟ ئەمە
لە لایەك.
لە لایەکی دیکەشەوە چۆن ئەکرێت بێین و سی زاراوەی (
حەز لێکردن و خۆشەویستی و عەشق) ئەگەر دوور لە مانا

فەرهەنگییەکانیش بێت بەکاریان بێنین بۆ هەست و سۆزی
کەسانێك کە گومانمان نیە ئەوان لە یەکدییەوە جودان؟
ئیدی چۆن ئەکرێت پێناسەی حەزلێکردن لای من و لای تۆ و
لای ئەو وەك یەك بێت؟ دواییش چۆن ئەکرێت حەزلێکردنی
من و تۆ و ئەو وەك یەك بێت؟ کە وەك یەك نەبن جیاواز بن.
چۆن ناکرێت ئەوەی لای من حەزلێکردنە. لای تۆ
خۆشەویستی نەبێت و لای ئەویش عەشق نەبێت. ؟
ئەوەی لای من عەشقە و هیچ پەیوەندی نە بەمانا فەرهەنگی
وشەی عەشقەوە هەیە کە (موختارول سەحاح) باسی ئەکات و
نە پەیوەندی بە خوداوە هەیە. بەڵکو پەیوەندییەکە تەواو
دووکەسی. مومارەسەیەکی جەستەیی و دەروونی و عەقڵی و
ئۆرگانی و ئەکتیڤی دووکەسە لەگەل یەکدی.
لێرەوە رەنگە من عەشق بەمشێوەیە بخوێنمەوە. عەشق خۆی
پەیوەندی نێوان دووکەسە. نێرو می. کەهەر یەکەیان بە
عەقل َ و سۆز و جەستەوە. ئاوێتەی یەکدی ئەبن و.
پێکەوە تاقانەیەك بەرهەمئەهێنن. لەگەل تەئکید کردنەوەم
لەسەر ئەوەی ئەم پێناسەیەش بۆ سەلماندن و سەپاندن نیە.
لێرەوە ئەکرێت بڵێم خۆشەویستیش هەمان پێناسەیە.
واتە عەشق و خۆشەویستی دوو ناون بۆ یەك چەمك.
هەروەها ئەشتوانم بڵێم. رەنگە خۆشەویستی زیاتر بۆ ئەوە
شیاو بێت کە باس لە عەقڵ و سۆز و جەستەی زیاد لە دوو
کەس بکرێت. یان کۆمەڵە کەسانێك کە بەیەکەوە عەقڵ و
سۆز و جەستە ئەگۆرنەوە. بەلاَم ئاوێتەی یەکدی نابن.
ئەمە تەنیا بۆ نموونە و روونکردنەوەی خوێندنەوەکەم بوو.
مەبەستی سەرەکیم لە باسەکە ئەوەبوو بڵێم. عەشق بەو
پێناسەیەی سەرەوە. کە بە سوود وەرگرتن لە خاتوو (مەدام
دی لاڤاییێت) وەرمگرت. ئەو کە ئەڵێت (خۆشەویستی
بریتییە لەمانە: هەندێك لە عەقڵ. هەندێك لە سۆزی
دڵ. هەندێك لە جەستە) دوای ئەوەش هاورێی ئەزیزم (
هەندرێن) گووتی. (عەشق ئاوە) . بەو مانایەی چۆن ئاو
لە هەر دوو رەگەزی ئۆکسجین و هایدرۆجین پێکدێت و کە
ئاوێتەی یەکدیش بوون $H_2O$ ئاو. دروست ئەکەن. ئیدی
ئاوەکە لە ئاوێتە بوونی هەردوو رەگەزەکە پێکهاتووە. .
بەلاَم شتێکی نوێی خەڵقکردوە. هەروەك لە تێکەڵکردنی
هەردوو رەنگی شین و زەرد کە ئاوێتە ئەبن رەنگی سەوز
دروست ئەکەن. ئیدی خۆشەویستی دوای عەقڵ و سۆز و جەستەی
دووکەس ئاوێتەی یەکدی ئەبن. ئەبنە مرۆڤێکی نوێی دیکە
وەك ئاو و وەك رەنگی سەوز. ئەکرێت ئەگەر لە بەرامبەر
وشەی حەزلێکردن دڵرەق نەبین ئەویش بە هەمان شێوە لە
جیاتی عەشق یان خۆشەویستی بەکاری بێنین.
مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە. عەشق بەو پێناسەیە. یان

خۆشەویستی یان حەزلێکردن بەو پێناسەیە. ئاوێتەبوونی
جیهانبینی دووکەس و خەلقکردنی جیهانبینییەکی نوێیە.
ئەمە وەك ئەسڵێك بۆ ئەو چەمکە. بەلاَم کە لە
ئەدەبیاتدا. بەتایبەتی کلاسیك و سۆفیزم و عیرفانی
ئیسلامیدا ئەبینین عەشق رەهەندی نامرۆڤانە وەرئەگرێت و
لە ئاوێتەبوونی دووکەسەوە ئەبێتە پەیوەندی نێوان مرۆڤ
و خوا. یان مرۆڤ و رەمزێکی خودا. ئیدی لێرەوە جارێکی
دی ئەو تێگەیشتنە لە عەشق بە بارگاوی بوون بەو نەفەسە
سۆفیزمییە یان ئیلاهییە. جارێکی دی ئەپەرێتەوە ناو
کایەی ئەدەب. ئەدەبێك کە ئەتوانین بە ئاسانی ئەوەی
تێدا کەشف بکەین. کە سەرچاوەکانی عەشقی لە هزری
میتافیزیکی. لە غەیبەوە. لە دینەوە وەرئەگرێت و
ئەینووسێتەوە. . بەو مانایەی. مانا دینییەکەی عەشق. لە
ئەدەبدا ئەنووسرێتەوە. واتە لێرەدا ئێمە کە قەسیدەیەك
یان تێکستێکی عاشقانەی. عاریفانە. ئەخوێنینەوە
تێئەگەین کە تێگەیشتنێکی دینی بۆ عەشق لە قەسیدەکەدا
هەیە. ئیدی ئەو تێگەیشتنە کە لە جەوهەردا تێگەیشتنێکی
دینییە و باس لە پەیوەندی عەقڵی و سۆزداری و جەستەیی
دوومرۆڤ ناکات کە ئاوێتەی یەکدی بوونە. بەڵکو باس لە
پەیوەندی مرۆڤ و خوای خۆی ئەکات. لێرەدا تێگەیشتن لە
عەشق بە شێوە ئنسانییەکەی جیاوازی زۆری هەیە. لەوی
عەشق ئەبێتە ئامانجی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە کەمال. بەلاَم
لەویادا عەشق هیچ ئامانجی نیە و ئاوێتە بوونەکە خۆی
مومارەسەی ژیانێکە کە هیچ ئامانج و ئەنجامی گەرەك نیە.
لەوی عەشق مومارەسە ناکرێت. بەڵکو هەوڵێکە لەگەران
لە خودا. بەلاَم لەوەی دی عەشق ئەبێتە ژیان و
مومارەسەیەکی مرۆڤەکان بەیەکەوە. رەهەندەکانی عەشق لای
ئنسانەکان رەهەندی ژیانێکن کە بە ئەقڵ و سۆز وجەستەوە
تیایدا پێکەوە دێن و ئەچن و هەڵئەستن و ئەنوون و
هەستەکانیان ئەگۆرنەوە و بەربەستێك و دووریەکیان لە
نێواندا نیە. بەڵکو بوونەتە کەسێکی تەواو و
پێویستیان بە گەران و سوران نەماوە لەیەکدی. هەموو
رەهەندەکانی ئەو عەشقە دیار و بەرچاو و بەرجەستە و
بەردەستن. بە پێچەوانەی عەشق بە تێگەیشتنە دینییەکەی
کە رەهەندێکی میتافیزیکیانە وەرئەگرێت.
ئیدی لێرەوە من ئەڵێم. کردارێك لە دیندا. پڕ
رەهەندی میتافیزیکی و غەیبانی ئەکرێت و پێی ئەگووترێت
عەشق. دواییش لەسەر دەستی ئەدیبان و نووسەراندا ئەو
عەشقە بەو رەهەندە میتافیزیکییەوە دێتەوە ناو ئەدەبیات
و ژیانی ئنسانەکانمان. یان ناو کۆمەڵگەوە. ئیدی بە بی
ئاگاییشەوە لەم سەین و بەینە. عەشق بەرەهەندە

میتافیزیکییەکانی ئەناسرێتەوە و ئەبێتە بابەتێکی
غەریب و نامۆ بە مرۆڤەکان. کاتێکیش ئەمانەوێت پەیوەندی
سۆزدارییانەی مرۆڤەکان بۆ یەك بخوێنینەوە. ئەبینین نە
مانا فەرهەنگییەکەی عەشق و نەمانا کۆمەلاَیەتییەکەی کە
سەرچاوەکەی لە دینەوە هاتووە. ناتوانن ببنە کەرەستەیەك
بۆ خوێندنەوەکە. و مانایەکی دیکەی تەواو جیاواز
وەرئەگرێت و ئیدی بە کەڵکی ئەوە نایەت پەیوەندییەکانی
مرۆڤی لەبارە کۆمەلاَیەتییەکەوە پی شەرح بکرێت.
لێرەدا کە وشەی عەشق ناتوانێت بە هانامانەوە بێت و
پێیەوە تەعبیر لە قسەکانمان بکەین. ئەوا ئەبێت
تەئەممول لە ناو و وشەی دیکەدا بکەین.
لێرەدا مام رێبوار خۆشەویستی کردووە بەو ناوەی کە
ئەکرێت وەك چەمکێکی جودا لە عەشق و حەزلێکردن پێناسە
بکرێت و لە رووی کۆمەلاَیەتییەوە پەیوەندی دوو کەسی پی
بخوێندرێتەوە.
بەلاَم با بپرسین باشە ئەی وشەکانی (دڵداری.
ئەوینداری. مەحەبەت. ئەوین. هۆگربوون. ڤیان. . یار.
حەبیبە. دۆست. . ئولفەت. ئاشنا. ) ئەم ناوانە چ
لێبکەین؟ وەك چەمکێکی جیا لە حەزلێکردن و خۆشەویستی و
عەشق وەریانگرین و پێناسەی تایبەتییان بۆ بکەین؟
یان ئەکرێت لە جیاتی ئەوان بەکاریان بێنین دوور لە
مانا فەرهەنگی و کۆمەلاَیەتییە باوەکان؟
دوای ئەوانەش ئەگەر بۆ حەزلێکردن. حەزلێکراو و
حەزلێکەرمان هەبێت. بۆ خۆشەویستیش. خۆشەویست و
خۆشویستراو دابتاشین و. . بۆ عەشقیش عاشق و مەعشوق. ئەی
چی لە وشەکانی یار و دۆست و گراو و ئەویندار و ئاڤان
بکەین؟ چونکە هەر یەك لەم وشانەش مانای فەرهەنگی و
کۆمەلاَیەتی خۆیان هەیە و ئەتوانن لە پاڵ وشەکانی
خۆشەویست و عاشق و حەزلێکراودا. بوەستن و تەعبیریان
پێبکرێت.
ئیدی لێرەوە با بپەرمەوە سەر ئەوەش کە عەشق وەك
وشەیەکی عەرەبی کە بی وەرگێران لە کوردیشدا بەکاری
ئەهێنین. لێرەدا جێی قسەکردنە کە وشەکانی زمانانی
دیکە. چ بە وەرگێردراوی. چ وەکخۆی کاتی لە زمانێك
بۆ زمانێکی دی بەکار دی. زۆرجار وەك مانای خۆی لە
زمانە ئەسڵییەکەدا بەکار نایەتەوە. بەڵکو گۆڕانی
بەسەر دادێت. یەعنی ئەگەر عەشق لە زمانی عەرەبی بەو
مانایە بێت کە باسکرا. مەرج نیە لە زمانی کوردیدا کە
عەشق بەکاردێت هەمان مانای زمانی عەرەبی بەرهەم
بهێنێتەوە. نەخێر ئەکرێت رەهەندی دیکەی نوێتر
وەربگرێت کە لەگەل جیاوازی سۆزەکان و پەیوەندی تاکەکانی

كورد بەیەكەوە. جیاواز بێت لەگەل خاوەنەكانی وشەی عەشق. دوای ئەوەش ناوەكانی زمانی كوردیش بە گوێرەی سەردەم و كاتەكان. گۆرانیان بەسەردا دێت و ئەكرێت بە جیاوازی ماوەكان مانای جیاوازیش لە ناوەكان بەرهەم بێن.
لێرەدا ئەكرێت بڵێین. حەزلێكردن و خۆشەویستی و عەشق بەشێوەی جیاوازتر لە خشتەكەی مام رێبواردا پۆلین بكرێن و دوای ئەوەش بە شێوازی دیكە روون بكرێنەوە.
لێرەدا ئەپرسم. بۆ ئەبێت حەز لێكردن هەموو جارێك یان لای هەموو كەسێك تەنیا بۆ ماوەیەكی كورت بێت و لەگەل زەمەندا خەفە ببێت؟ ئایا ناكرێت من بەردەوام حەزم بۆ نموونە لە ژنەكەم بێت؟! ئایا ئەگەر بڵێم:
•من حەز لە ژنەكەم ئەكەم.
•یان ژنەكەمم خۆشئەوێت.
•یان عاشقی ژنەكەمم.
ئایا لەم دەستەواژانەدا هەست ئەكەین كە مەبەستمان تەنیا وەختێكی كەموكورتی دیاریكراوە؟
لەبرگەی حەز لە ژنەكەم ئەكەمدا. ئایا هەستێك بەوە ئەكەین كە مەدلولێكی زەمەنی لەو دالانەدا هەیە؟ لە برگەی. ژنەكەمم خۆشئەوێت. ئاماژەیەكی تێدایە كە مەبەستمان ماوەیەكی درێژ خایەنە و بەردەوامە و نابرێتەوە؟
و ئایا لە برگەی عاشقی ژنەكەمم. هەست ئەكەین كە مەبەستمە بڵێم ژنەكەم رەمزی خوایە بۆیە عاشقی ئەوم؟ بێگومان هیچ ئامارەیەكی زمانەوانی یان فەرهەنگی یان كۆمەلایەتی ناتوانن هەستێكی وا لەو دەستەواژانە هەلكرێنن. بۆیە پێموایە پۆلینكردنی هەستەكان بەو ناوانە كۆمەلی كێشە و بێشە و پرسیار و گومان هەلئەگرن و ناتوانن بە پێناسەكان رازیمان بكەن.
ئیدی مام رێبوار من بەردەوام حەزم لە ژنەكەی خۆمە.
هەمیشە خۆشم ئەوێت و
هەموو گاڤێكیش عاشقی ئەوم.
ئەویش بەردەوام منی خۆشئەوێت و هەمیشە عاشقمە و بەردەوام حەزم لێئەكات.
هەروەها ئەشتوانم بلێم. من بەردەوام حەز لە كچی دیكە ئەكەم و. هەمیشە خۆشەویستی كچانم مەبەستە و. هەموو گاڤێكیش عاشقی كچانم. دیسان لێرەشدا ئەوە بەدیئەكەین كە من بەردەوام لە حەزلێكردن و خۆشەویستی و عەشق دام.
هەروەها ئەشكرێت بگووترێت ئەو حەزت لێئەكات و خۆشی ئەوییێت و عاشقت بووە. یان ئەوان حەز لە یەكدی ئەكەن و یەكدییان خۆشئەوێت و عاشقن.
وەك چۆن ئەكرێت زۆر جار ئەم ناوانە بۆ پەیوەندی نێوان

مرۆڤ و شتەکانیش بەکاربێن. بۆ پەیوەندی مرۆڤ بە جۆرەها ئامراز و کەلوپەل و شتومەك. هەروەها ئەشکرێت مرۆڤ حەز لە گوڵێکیشس بکات و خۆشیشی بوێت و عاشقیشی ببێت.
جیاوازییەکە ئەوەیە ناتوانن حەز و خۆشەویستی و عەشقەکە بگۆرنەوە. چونکە وەك لە شوێنی دیکە گووتمان کردارەکە لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤە. نەوەك مرۆڤ و شتی دیکە. بەلاَم ئەم باسە لەوە سەرچاوەی گرت. کە زمان. ناوەکان. زمانی جیا. مانای زۆر و جیاواز چۆن هەمیشە ئەتوانن پرسیاری نوێتر و گومانی بەردەوام لە هەست و سۆز و عەقڵ و هزرماندا بچێنن.
دیسانەوە لە بەرامبەر حەزلێکردن. حەزلێنەکردن هەیە. لەبەرامبەر خۆشەویستی. رق هەیە. لی لەبەرامبەر عەشقدا وشەیەکی وا بەرەواژی نیە تا رێك مانای پێچەوانەی عەشق بدات. ئەمەشیان جێگەی لەسەر وەستانە و قابیلی ئەوەیە کە وشەی عەشق لە رووی زمانییەوە. وە ك گونجاوتر و شیاوتر لە حەزلێکردن و خۆشەویستی بۆ ئەو بارە بە کاربێت کە ئەمانەوێت سۆزداری دوو تاکەکەسی پی بخوێنینەوە.
دیسان لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵی کێشەی دیکە هەن کە دیسان زمان خەڵقییان ئەکات. لەوانە بۆ نموونە (عشقی سۆفیانە. هونەری عشق. عشق و عرفان. حەقیقەتی عشق. عشقی راستەقینە. ) کۆمەڵی ناوی دیکەش کە لە پەراوێز و ناوی سەرچاوەکانی کە مام رێبوار بەکاریهێناون ئەبینینەوە. لێرەوە ئەگەر باس لەوە بکەین. (عەشق هونەرە) ئایا ئەم دەستەواژەیە چیمان لە لا بەجێئەهێڵێت؟ ئەگەرعەشق هونەر بێت. ئەبێت پێش ئەوەی بێینە سەر باسی عەشق. شتێکمان لە بارەی هونەرەوە بیستبێت و شتێکی لێبزانین. چونکە کە ئەڵێین هونەری عەشق. یەعنی عەشق هونەرە. و پێویست ئەکات عەشق وەك هونەر بخوێنینەوە. یەعنی چی؟ ئایا ئەکرێت چۆن مۆسیقا ئەخوێنینەوە ئاواش عەشق ناس بکەین؟ یان وەك خوێندنەوەی هەر هونەرێکی دیکە. عەشقیش بخوێنینەوە؟ گەر عەشق هونەر بێت. ئەبێت وەك هونەرەکان خاوەنی کۆمەڵی یاسا و رێسای تایبەت بە هونەر بێت. و عاشقیش بەهرەمەند بێت.
رەنگە مرۆڤ ئەگەر بەهرەی هونەرێکی هەبوو و بە راهێنان و مەشقیشەوە زیاتر فێر ببێت و ببێتە هونەرمەند.
بەلاَم ئایا ئەبێت مرۆڤ بەهرەی عەشقی هەبێت تا فێری ببێت؟ گریمان ئێمە هەمووومان بەهرەی عەشقمان هەیە. بەلاَم کە هەمووومان عاشق نین. کی فێرە عەشقمان ئەکات و مەشقمان ئەداتی؟ دوای ئەوەش بەراست ئەکرێت ئێمەی مرۆڤ یەکدی فێرە عەشق بکەین و لە یەکدییەوە فێرە عەشق

بین؟! ئەگەر وابوایە ئەوە چۆن مرۆڤ خولی مۆسیقا و
کۆمپیوتەر و دوورمان و زمان و سەرتاشین ئەکاتەوە.
ئەبوایە خولی عەشقیشی بکردایەتەوە و لە کۆتایی خولەکاندا
لە پاڵ کۆمەڵی مۆزیکا ژەن و زمانزان و کۆمپیوتەر زان
و خەیات و سەرتاشدا کۆمەڵی عاشقیشی پێگەیاندبا و
دروستکردبا؟!لی تۆ بڵێی ئەگەر هەزاران خولی عەشقیش
بکرێتەوە بکرێت یەك عاشق دروستکەن؟
بەم پرسیارانە زیاتر مەبەستم ئەوەیە. زیاتر لەسەر
ناوەکان راوەستین و پرسیار گەلێك بوروژێنین کە
هەندێجار نەوەك تەنیا کۆمەڵناسی. بەڵکو نەدینیش
نەفەلسەفەش نە سیاسەتیش نەبواری دیکەش ناتوانن هەندی
چەمکی مرۆڤایەتیمان بی گومان و بی پرسیاری دیکە
بخوێننەوە.
لە لایەکی دیکەشدا ئەو پرسیارەش ئەکەین ئایا تەنیا
خۆشەویستی شاعیران و نووسەران بارگاوییە بە رەهەندی
غەیبانی و پەیوەندی مرۆڤ بە خوداوە؟ یان با بڵێین
تەنیا ئەدەب بارگاوی بووە بە غەیبانییەتی عەشقی مرۆڤ بۆ
خودا یان هێماکانی خودا. ؟ئەمە لە لایەك. . لە لایەکی
دیکەشدا. یەعنی ئایا ئێمە خاوەن ئەدەبێکین لە باسی
عەشقدا تەنیا ئیلاهییانە باسی کردووە و رەهەندە
مرۆڤایەتییەکانی باس نەکردوون؟ هەروەها لەلای سێهەمدا
بێجگە لە ئەدەب کەسی دی غەیبیانی و سۆفیانە باسیان لە
چەمکی عەشق نەکردووە؟
من ئەزانم شاعیرمان هەیە بە شێوەیەکی زۆر مرۆڤانە باس
لە عەشق ئەکات. تەنانەت رەنگە شاعیر هەیە مرۆڤی گەیاندۆتە
رادەی خودا لە گەورەیی و بەخشینی بەها پێی. بەو مانایە
نا کە عەشقەکە بە غەیبانی بارگاوی بکات. یان مرۆڤ بکاتە
رەمزی خودا. بەڵکو وەك مرۆڤێکی گەورە و بەدەسهەلات و
بە توانا و پڕ لە وزەی عەشق و ژیان. شاعیرمان هەیە بەو
جۆرە ئەگەر کەمیش بێت. بەڵی کەمن. بەلاَم هەن عەشق بۆ
مرۆڤ ئەگەرێننەوە. یەعنی لە خودادا مرۆڤ ئەبینێتەوە.
ئەشزانم زۆر نووسەری دی زۆر جار کچی بی دەسەلاَتی
کوردییان کردۆتە خواوەند و لە جیاتی ئەوەی عەشقەکەیان بە
گەورەیی و پڕ بەهای مرۆڤایەتییانە نیشان بدەن.
نووسینەکانییان پربوون لە غەیبانییەت و هەتا خورافاتیش.
بی ئەوەی چ بۆ عاشقی مرۆڤ بهێڵنەوە عەشقیان کردۆتە
پارچەیەك لە غەیب و عاشقیش هەمیشە چاوی لە ئاسمان بێت و
کەس نەبینێت تەنانەت مەعشوقەش لە نێو وەسفەکانی
خواوەند و رەمزەکانیدا بزر ئەبێت. یەعنی لە مرۆڤیشدا
خودا ئەبیننەوە.
هەروەها دوور لە شاعیران و نووسەران. زۆر لە مرۆڤە

ئاساییەکان ئەوانەی خۆشەویستی ئەکەن. تێگەیشتنەکەیان پریەتی لە رەهەندی غەیبانی و دینی بۆ خۆشەویستی و عەشق. بە شێوەیەك کە زۆر جار زیاتر لە شاعیران و نووسەرانی خۆشەویستییە بارگاوییەکان بە رەهەندی غەیبانی. هەڵگری ئەو تێگەیشتنانەن. ئەوە نیە عاشق و خۆشەویستەکانمان. داماوانە ئەو شعر و گۆرانیانە بۆ یەکدی ئەنووسنەوە کە پرن لە حوزن و خەم و خوێن و تێگەیشتنە دینییەکان و غەیبانییەکان بۆ خۆشەویستی؟ تەنانەت من لێرەدا جورئەتی ئەوە ئەکەم بڵێم زۆربەی زۆری ئەو پەیوەندییانە نە حەز لێکردنن و نەخۆشەویستین و نەعەشقن؟!
ئەو پەیوەندییانە. کە لە بی ئازادیدا لە دایك ئەبن و. تەنانەت هەر بەر لە لەدایکبوون و دروست بوونیان مەحکومن بە کۆمەڵی کۆتی کۆمەلاَیەتی و کێشەی دەروونی و قانون و عورف و غەیبانییەت و نەناسینی هەست و سۆزەکان. رەنگە سۆزەکان هەڵبچن. گەرم ببن. بزافێك لە لای مرۆڤ دروست بکەن. مەراقی بکەن. لی نە ئەبنە حەز و نە ئەبنە خۆشەویستی و نە عەشق.
لە لایەکی دیکەشدا. نموونەی هەرە دیار و بەرز و گەشاوەی چیرۆکە خۆشەویستییەکانی ئێمە. یان مەم و زینە یان خەج و سیامەندە یان شیرین و فەرهادە. یان هەر دووناوێکی دیکە کە بوونەتە سمبولی خۆشەویستی و عەشق و حەزلێکردن لە ناو ئێمەدا. کە دیسانەوە ئەمانە لە لایەن نووسەرانەوە نووسراون. لی لە لایەن خەڵکانی نەنووسەریشەوە زیاتر باوەریان بە عەشقبوون و چارەنووسی ئەم ناوانەوە هەیە. کە دیسانەوە من ئەڵێم لێرە ئەبێت جورئەتی ئەوە بکەم بڵێم دەقەکانی ئەم ناوانە. دەقی عەشق و خۆشەویستی نین. ئەو دەقە پیرۆزانە نین. کە لە یادەوەریماندا ببنە رەمزی گەرمترین و جوانترین و ئینسانیترین سۆز و عەقڵ و جەستە و خەیاڵ و جیهانبینی دوو مرۆڤ. و تێکەڵ بوون و ئاوێتەبوونیان بە یەکدا.
ئیدی لێرەوە ئەبێت تێبگەم. خوێندنەوەی دەروونی خۆشەویستی. کۆمەڵناسییانەی خۆشەویستی. ئەدەبییانەی خۆشەویستی. هەتا سیاسییانەی خۆشەویستی و ئابووریانەی خۆشەویستی. کارێکە قورس و ترسناك و پرِ گومان.
کەلتورێکی گەورەی فکری و ئەدەبیمان لەسەر کۆبۆتەوە بە ناوی خۆشەویستییەوە باس لە زۆر شت ئەکات و باس لە خۆشەویستی و خۆشەویستان ناکات. بە ناوی عەشقەوە ئەدوێت و لە مرۆڤەوە دوورمان ئەخاتەوە. باسی حەزەکان ئەکات و هەستی تاوان و گوناهمان تیا ئەچێنێت؟!
نووسینێکمان هەیە پێمان ئەڵێت. عەشق جەنگە.
عاشقەکانیش جەنگاوەر. عەشق شەرە و عاشقانیش شەرکەر و

خوێنرێژ. گوتارێك كە بۆی هەیە ترپی تەرایی
ژیاندۆستیمان تێدا نەهێڵێت و بەرەو خۆكوشتن و
مەرگدۆستیمان پاڵدات. گوتارێك لە جیاتی ئەوەی
سۆزەكانمان گەرمتر و پڕ ژیان كات. ساردی ئەكاتەوە
عەدەمی تیا پەروەردە ئەكات. عەشقەكانی ئێمە چ هی
نووسەران و شاعیران. چ هی گۆرانیبێژ و هونەرمەندان. چ
هی خەڵكی ئاسایی. زۆربەی زۆریان. بی ئومێدی و بی
هیوایی و تورەهاتی ژیان و جوڵەی ئەو هەستانەمان نیشان
ئەدەن. كە وامان لێئەكەن. بترسین. شەرم بكەین. هەست
بە تاوان و گوناە و خەتا بكەین. ئیدی بە كورتی كۆمەڵی
ئێمە كە خاوەنی میراتێكە. ئەگەر رۆژی دەجار بمرێت.
ئەوە هەر دەجار لە بی عەشقیدا ئەمرێت. لە بێزاری لە
خۆشەویستیدا ئەمرێت. بی عەشق. بی خۆشەویستی. بی
حەزلێكردن. بی گۆرینەوەی ئەو سۆزانە لەگەل تاكێكی
بی وێنە و نیوەكەی خۆی سەر ئەنێتەوە.
سەر ئەنێتەوە و رەنگە ئەو پرسیارەش لای ئەو و ئێمەش
بی وەلاَم بمێنی كە ئەڵی بۆچی لە بی عەشقیدا
ئەمرین؟ بۆچی ناتوانین عەشق بكەین؟ ئەی عەشق تۆ چیت؟ كە
قسەی شاعیران و ئەدیبان نەبیت؟ تۆ چیت كە گۆرانی و
مۆسیقای نەتەوەیەك نەبیت؟
تۆ چیت كە رەمزی نەبیت بۆ خودا و. بۆ حەقیقەت.
ئەی عەشق تۆ چیت؟
ئەبێت بڵێن پێویستە لە عاشقان خۆیانەوە ببیستین. كە
عەشق چیە؟ لەوانەوە شتی بزانین. ئەگەر ئەوان بزانن
هەستەكانییان چین. ئیدی وەك مام رێبواریش ئەڵێت (با
ئەو قسانە بینە هاندەر بۆ ئەوەی هەر یەكەمان بە
شێوەیەكی راشكاوانەتر ببینە گێرەرەوەی ئەو ئەزموونە
تایبەتییەی خۆمان و گوتاری تایبەت بە خۆمان لەسەر
خۆشەویستی بەرهەم بهێنین)
ئیدی لەگەل ئەو گومانەی لە پەیوەندییەكانی سەرجەم
تاكەكانی كۆمەڵی خۆمدا هەمە. هەندەی لەو پەیوەندییانەی
لە نزیك منەوە روویانداوە و لە نزیكەوە لەگەلیاندا
ژیاوم. لەگەل ئەو قسانەی من و برادەرانم لەسەر عەشق و
خۆشەویستی. لەگەل ئەو بابەتانەی لەسەر عەشق و خۆشەویستی
نووسیومن و بلاَوم كردوونەتەوە. لەگەل ئەو 45 لاپەرەی
مام رێبواردا. لەگەل هەموو شتەكان رەنگە بڵێم.
خۆشەویستی یان عەشق یان ئەوینداری یان دڵداری یان
دۆستداری و یان گیانداری. هەستداری و سۆزداری و
ئەقڵداری جەستەداری و خەیاڵداری یان هەر هەموویان
لەناو یەك وشەی كە هێشتا پەیدانەبووە. كۆبكەمەوە. تا
ئەم شتانە لە خۆیدا هەڵگرێت. ئەڵێم رەنگە سەرباری

مەترسی و گومان و پرسیارە بی وەلآمەکانی عەشقیش. لی
رەنگە گەورەیی ئەو پەیوەندییەش لەوەوە بێت کە وەك
سحرێك وایە و هێشتا بە خوێندنەوە و قسە لەسەر کردنی
نەزانراوە و روون نەبۆتەوە و بەتاڵ نەبووە. ! سحریش تا
ئاشکرانەبوونی سحرە. نهێنیش تا ئاشکرا نەبوونی
نهێنییە. رەنگە ئەو پەیوەندیەش تا عەشق نەبێت و تا
خۆشەویستی نەبێت و تا حەز لێکردن نەبێت. و نەچێتە
ناو قاوغی هەر ناوێك و پێناسەیەك. هەستێك بێت گەورە
و پڕ وزە و پڕ ژیان بێت.
ئەمەشیان دیسان هەر رەنگە و جێگەی گومانە و فزولی
مرۆڤیش راناوەستی و ئەیەوێت سەر لە هەموو شتەکان
دەرکات.
ئیدی با هەر هەموومان. لە هەر هەموومان بپرسین ئەو هەستە
چیە؟ وەك مام رێبواریش جورئەت بکەین و قسان لەبارەی ئەم
چەمکە. یان ئەم چەمکانە بکەین. .

* * * * * *

2

هەندی سەرنجی دی لەسەر بەشەکانی دیکەی کتێبەکە

لەبەشی دووەمی خوێندنەوەکەی مام رێبواردا. وەك مام
رێبوار خۆی ئەڵێت. (بایەخمداوە بەو هەوڵدانە
ئەکادیمیانەی لە بواری کۆمەڵناسیدا توێژینەوەیان لەسەر
پەیوەندییە هەستەوەرییەکان و خۆشەویستیان لە
چوارچێوەیەکی تیۆری و زانستیانەدا خستۆتە روو. ) ل 46
لێرەدا من لەسەر دوو وشەی (پەیوەندی هەستەوەری) و (
خۆشەویستی) رائەوەستم.
ئایا ئەم دوو ناوە دوو چەمکی جیاوازن؟ ئایا خۆشەویستی.
جۆرێکە لە پەیوەندییە هەستەوەرییەکان. یان جیایە لەو
پەیوەندییانە؟ باشە. پێش ئەو پرسیارانەش پەیوەندییە
هەستەوەرییەکان چین؟ رەنگە لێرەشەوە دیسان بکەوینەوە
ناو ئاریشەکانی چەمکەکان. کە باس لە پەیوەندی ئەکەین.
بەمانای (عیلاقە) ئەوا وشەی عیلاقە بە مانا
کۆمەلآیەتییەکەی زیاتر تەعبیر لە عیلاقەی خۆشەویستی
نێوان دووکەس. کچ و کورێك ئەکات. هەستەوەرییەکان.
رەنگە لێرەدا بپرسین جا چ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان
تاکەکاندا هەستەوەری نەبێت؟ دوای ئەوەش پەیوەندی
هەستەوەری و سۆزداری. جیاوازییان چیە؟ ئایا یەك شتن.
یان دیسان ئەوانیش هەر ناوێکە و کۆمەڵی ئیشکالاتی

زمانەوانی و فەرهەنگی و خوێندنەوەیان هەیە؟
سەرچاوەی سۆزەکان. هەستەکانن. لە ڕێی هەستەکانەوە لە دیتن و بۆنکردن و تامکردن و دەستلێدان و بیستنەوە ئەتوانین سۆز بەرامبەر بە مرۆڤ و کەلوپەلی و دەوروبەرمان پەیدا بکەین. سۆزیش وەك بەشێك لە خۆشەویستی یان عەشقدا . کە ئامادەگی هەیە. واتە ئامادەگی هەستەکان و هەستەوەری مرۆڤ لەو کردارەدا.
بۆ وشەی هەست (ئیحساس) یان (عاتیفە) بە واتەی سۆز . ئەگەر بتوانین وا بلێین. ئەکرێت هەردووکیان بەکار بێنین بەهەمان بەرهەمی تێگەیشتنەوە لە کردەی خۆشەویستیدا.
هەر لەو لاپەڕەیەدا جارێکی دیکە ڕووبەڕووی وشەی ( ژیانی هەستەوەری و پەیوەندییە سۆزگەرایەکاندا) ئەبینەوە. دوای ئەوەش لە جێی دیکەدا (پەیوەندییە سۆزدارییەکان. سۆز گۆڕینەوە. )
لێرەدا من نامەوێت باس لەو باسە بکەم کەلەم بەشەدا هاتووە. بەڵکو ئەمەوێت زیاتر لەسەر ئەو سەرنجانەم بوەستم کە لە لام دروست بوون لە کاتی خوێندنەوەی ئەم بەشەدا. چونکە هەر قسەکردنێکم لەسەر باسەکە. ئەوە ئەبێتە قسەکانی مام ڕێبوار و ئەویش بە درێژی لەوێدا باسیکردوون و ڕوونی کردوونەتەوە. پێویستیان بە قسەی من نیە. کە هەر لە ئەساسیشدا من قسەم لەسەریان نیە تا بیاننوسم.
من هەندی سەرنجم هەن لێرەدا باشە دەریانبرم.
ئەوەی بەلای منەوە جێگەی رامانە. ئەوەیە لەم بەشەدا ئەگەر بتوانم بڵێم. ئەوە باس لە مێژوی یان دیرۆکی خۆشەویستی ئەکرێت؟! کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بۆ من پرسیارێکی زەحمەتە کە بڵێم. خۆشەویستی کەی دەستی پێکردووە؟ هەر لەسەرەتای ژیانی بەشەردا هەبووە. یان وەك لە لاپەرە 49 دا هاتووە (سەردەمانێك. واتە بەر لە سەر هەڵدانی خۆشەویستی ڕۆمانسیانە لە ڕەوتی مێژوی سەدەی هەڤدەیەمدا. مرۆڤ هەستەکانی خۆی کە سەرچاوەکەیان ئازار و تلانەوە بوو. لە ژیانی هاوسەرداریيەتی بە دوور دەگرت) لەم چەند وشەیەدا ئەکرێت هەندی سەرە قەڵەم و پرسیار بنووسینەوە. لەوانە:
•دیرۆکی خۆشەویستی.
•ئایا پێش سەدەی هەڤدەیەم و پێش خۆشەویستی ڕۆمانسی. خۆشەویستی نەبووە؟ یان هەبووە و جۆری دیکە بووە. ناوی ئەو جۆرە خۆشەویستیانە چی بوون ئەگەر هەبووبن؟
•پەیوەندی خۆشەویستی و هاوسەرداریەتی چیە؟
•ئازار و تلانەوە وەك تاکە سەرچاوەی هەستەکانی مرۆڤ.

•هاوسەرداریەتی و سێکس.
•خۆشەویستی و سێکس.
•سروشتی هاوسەر داریەتی.
•سروشتی خۆشەویستی.
•سۆز و خۆشەویستی.

ئایا ئەکرێت خۆشەویستی رۆمانسییانە بە سەرەتای دروستبوونی خۆشەویستی بزانین؟ هەرچەندە ئەم باسە لە سیاقی باسکردن لە ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی لە خۆرئاوادا دێت و باسی ئەوێیە. لی ئەی سەبارەت بە شوێنەکانی دیکە؟

هەر چۆنێك بێت. با پرسیارێکی دیکەش بکەم خۆشەویستی رۆمانسی. ئایا بەراستی جۆرێکی خۆشەویستییە و تەعبیر لە حاڵەتی عەشق ئەکات؟ یان راشکاوانەتر. ئایا خۆشەویستی رۆمانسی خۆشەویستییە؟ یان زیاتر پەیوەندی خۆشەویستییەکی ناکامڵە؟

چونکە ئەو جۆرە پەیوەندییە رۆمانسییە گوایە وەك وەلاَمدانەوەیەك بۆ عەقلاَنییەتی هاوسەرداریەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندخوازانەوە. سەریهەڵداوە.

لی با بپرسین لەم پرۆسەیەدا. عەقڵ لە کوێدایە. ؟ ئایا پەیوەندی رۆمانسی. پەیوەندییەکە خاڵی لە عەقلاَنییەت؟ جا چ عەقلاَنیەتێکی بەرژەوەند خوازی فیودال بێت. یان عەقلاَنییەتی بەرژەوەند خوازی رۆشنگەری بێت؟ ئەمە لە لایەك. لە لایەکی دیکەوە زۆر گرنگیدان بە بالاَخوازی و بە پیرۆزکردنی ئازارو تلانەوە و حەسرەتەکانی مرۆڤ لەم پەیوەندییەدا. یەکەم لە پای چی؟ دووەمیش پەیوەندی خۆشەویستی و عەشق بەم ئازار و تلانەوانە چیە؟ ئایا سەرچاوەی خۆشەویستی سۆزەکانی چێژ و خۆشی بەخشی ئیجابین. (هەرچەندە ئازار و تلانەوەش چێژو خۆشی خۆیان هەیە) .

بەلاَم ئێمە کە لەمیانەی باسێکی خۆشەویستی ئەم پێشبەرییانە ئەکەین ئەبێت بزانین. خۆشەویستی تەنیا هەست و سۆز نیە. ئەمە یەك. دووەمیش تەنیا هەستەکانی ئازار و تلانەوەنین. سێیەمیش ئەکرێت لێکدانەوەی دی بۆ ئەو پەیوەندییە بکرێت کە لە سەر ئەم بنەمای ئازار و تلانەوەیە دائەمەزرێت وەك پەیوەندییەك کە زیاتر خەمی تێرکردنی نەزعە ماسۆشییەکانی مرۆڤیەتی و تا مەسافەیەکی درێژیش لە خۆشەویستی و عەشق دوور ئەکەوێتەوە. ئەگەرچی دیسانیشەوە ئەبێت ئاگامان لەوەش هەبێت کە خۆشەویستی خۆیشی رەنگە تێرکردنی غەریزە ماسۆشی و سادییەکانی دووکەس بێت لەگەل یەکدیدا. لە ناو یەکدیدا و پێکەوە. بەلاَم بە پیرۆزکردنی ئازار و تلانەوە. بەو مانایەی پەیوەندی نێوان دوو کەس ئەکاتە خۆشەویستی و عەشق.

ئەوەیان جێگەی رامانی منە.
مرۆڤ بە تەنیا هەست نیە و بە تەنیا عەقڵیش نیە و بەتەنیا جەستەش نیە. بەڵكو هەرسێكیيانە پێكەوە. لەگەل خەیاڵ و ئەندێشە و روح و لایەنی گەورەی مەعنەوی.
هەروەها عەشقیش تەنیا عەقڵ و جەستە و سێكس و سۆز نیە. بەڵكو هەرسێكیانە پێكەوە و لەگەل دیسانەوە خەیاڵ و ئەندێشە و رۆح و مەعنەویات.
رەنگیشە مرۆڤ بتوانێت لەگەل زیاد لە كەسێك عەقڵ و سۆزو جەستە بگۆرێتەوە. وەلی مرۆڤ ئەتوانێت لەگەل چەند كەسێك دوای ئەمانە ئاوێتە بێت. ؟ ببێتە ئەو تاقانەیەی لە بەشی یەكەمی ئەم نووسینەدا باسمان كرد؟
لێرەوە من ئەتوانم خۆشەویستی و (هاوسەرداریەتی) لە یەكدی جیابكەمەوە و بڵێم دووكرداری تەواو لە یەكدییەوە جودان و زۆربەی جارانیش هیچ پەیوەندییان بەیەكەوە نیە.
هەندی لەو جیاوازییانەی لە نێوان هاوسەرداریەتی و خۆشەویستیدا هەیە لە خوارەوە ئەنووسمەوە.
•هاوسەرداریەتی ئەكرێت بریاری یەكێك لە دووكەسەكە بێت. یان بریاری هەر دووكەسەكە بێت یان هی دوومالْ بێت یان هی دووعەشیرەت بێت.
•خۆشەویستی هیچ كاتێك بە بریار نیە و نە هی كەسێك و نەهی هەردوو كەسەكە.
•هاوسەرداریەتی بە هەڵبژاردن و لێگرتنە لە سەر بنەمای جوانی. دەولْەمەندی. ئەخلاق. باشی. هتد. لەو بەها كۆمەلاَیەتییانە.
•خۆشەویستی بە هەڵبژاردن نیە و كەس ئەویدیكە ئیختیار ناكات لەسەر هیچ بنەمایەك.
•هاوسەرداریەتی خاوەن بنەمایەكی ئابووری بەرژەوەند خوازی دووكەسە یان دوو بنەمالْەیە.
•خۆشەویستی خاوەن بنەمای ئابووری نیە و پرۆژە نیە تا پێویستی بە بنەمای ئابووری بێت.
•هاوسەرداریەتی پێویستی بە مالْ و خێزان و بنەمای ئابووری و كۆمەلاَیەتی هەیە.
•خۆشەویستی پێویستی بەو شتانە نیە.
•لە هاوسەرداریەتیدا كۆمەڵی ئامانج دەستنیشان ئەكرێت وەك دروستكردنی منداڵ و دامەزراندنی دەزگەی ماڵ و دابەشكردنی كۆمەڵی ئەرك و ئیلتیزامات لە نێوان ژن و مێرددا.
•خۆشەویستی بی ئامانجە.
•هاوسەرداریەتی جۆرە پەیوەندییەكە كۆمەڵ و قانوون و پارە و پوول و كەسەكان پەیوەندیەكی توندو تۆڵیان لەگەل هەیە.

•خۆشەویستی پەیوەندی بەوانەوە نیە.
•هاوسەرداریەتی ئەکرێت رۆژی لە رۆژان کۆتایی پی بهێندری بە بریاری کەسێکی یان لایەنێك.
•خۆشەویستی کە دەستی پێکرد. کۆتایی نایەت.
•هاوسەرداریەتی لەسەر زۆر بنەمای وەك ئابووری و خێزانی و سیاسی و عەشیرەتی دەیان بنەمای دیکەی دوور لە خۆشەویستی ئەنجام ئەدرێت.
•خۆشەویستی لەسەر هیچ کام لەو بنەمایانە دانامەزرێت.
•هاوسەرداریەتی بە تەنیا بە عەقڵ یان بە تەنیا بە جەستە یان بەتەنیا بە سۆز ئەنجام ئەدرێت.
•خۆشەویستی بێی یەك لەم بەشانە ناتەواو ئەبێت.
•هاوسەرداریەتی ئەکرێت لەگەل زیاد لە کەسێك. تا چوار ژنیش پێکەوە لە یەك کاتدا. جگە لە حاڵەتەکانی مردن و تەلاقدانیش. کە ئەکرێت هەموو کاتێك ژنی تەلاَقدرا و یان مردوو بەهی دیکە قەرەبوو بکرێتەوە. ئەمە تەبیعی تەنیا بۆ پیاو و لە کۆمەڵی ئێمەدا.
•لە خۆشەویستیدا تەنیالەگەل یەك کەس لە هەردوو لادا. ئەکرێت.
•لە هاوسەرداریەتیدا هەردوو لایەن ئەتوانن لایەنی دیکەیان خۆشنەوێت و حەزی لێنەکەن و عاشقی نەبن.
•لە خۆشەویستیدا هەردوو لایەن ئاوێتەی یەك ئەبن و عاشق و مەعشوقی یەکدین.
•لەهاوسەرداریەتیدا سێکس ئەشێت بی خۆشەویستی و عشق ئەنجام بدرێت و وەك شتێك کە هیچ پەیوەندی بە کەسەکانەوە نەبێت ئەنجام بدرێت. یەعنی بۆ دووکەسەکە رەنگە ئەگەر زەغتی دین و قانون و کۆمەڵ و عەیب و شەرمە نەبێت بتوانن لەگەل کەسی دیکەشدا ئەنجامی بدەن.
•لە خۆشەویستیدا سێکس بەشێکە لە جەستەی ئەویدی و بەشێکە لە خۆشەویستی و عەشق و ئاوێتەبوونەکە. ناکرێت کەسەکان بگۆرێن. ئەمەش نەوەك لەبەر ئەوەی خیانەتێکە ئەو دووکەسە لەگەل یەکدی ئەیکەن. نا بەڵکو پەیوەندی بە و وشیارییە هەیە کە عەشق خەڵقی ئەکات لەبەرامبەر جەستە و ئافرەت و پیاودا کە دیتنی مرۆڤێك تەنیا وەك جەستە. تەعبیر لە سیستمێکی هزری ئەکات کە دوورە لە سیستمی هزری خۆشەویستی.
•لە هاوسەرداریەتیدا خیانەت ئەکرێت.
•لە عەشقدا ناکرێت.
•لە هاوسەرداریەتیدا ئەگەر لێبوردن هەبێت ئەوا وەك تەنازولی لایەك بۆ لایەکی دیکە تەماشا ئەکرێت.
•لە خۆشەویستیدا لێبووردەیی وەك چەمکێکی وشیاری عاشق رەهەندی دیکە و مەدلوولاتی زۆر قوڵتر و فراوانتری هەیە.

و بەشێکە لە بنەمای کردارەکە.
•لەهاوسەرداریەتیدا ئەکرێت بە چاوی زەرەرو قازانج تەماشای پەیوەندییەکە بکرێت.
•لە خۆشەویستیدا نە زەرەرو نەقازانج وەك بەها ئامادەییان نیە.
•لە هاوسەرداریەتیدا ئەکرێت وزەی ژیان و تامی دونیا و خۆشی لە ناو ببرێن.
•خۆشەویستی خۆی بەرەلاکردنی وزەی ژیانە.
•هاوسەرداریەتی بێی ئافەرینکردن و شەرعیەتدانی دینی ناکرێت ئەنجام بدرێت.
•خۆشەویستی بێی ئەو شەرعییەتدانە لە دایك ئەبێت.
•دین ئەتوانێت ری لە هاوسەرداریەتی بگرێت.
•دین ناتوانێت ری لە خۆشەویستی بگرێت.
•شۆرش ئەتوانێت ری لە هاوسەرداریەتی بگرێت.
•شۆرش ناتوانێت ری لە خۆشەویستی بگرێت.
•هاوسەرداریەتی تەبا و دۆستە لە گەل کۆمەڵدا.
•خۆشەویستی دوژمنی کۆمەڵە.

ئەمەو خۆشەویستانم ئێوەش ئەتوانن بە دەیان جیاوازی دیکە بنووسن و باسیان بکەن.

سەرچاوەکانی خۆشەویستی

وەك گووتم خۆشەویستی پێویستی بە خێزان و ماڵ و بنەمای ئابووری نیە. تا ئەو کاتە نەبێت کە بەردەوامی ئەو پەیوەندییە جێبەجی ناکرێت لە کۆمەڵگایەکدا. کە یەکەم خۆشەویستی ناناسێت دووەمیش شەرعییەت بەو خۆشەویستییە نادات. ئەگەر نەکرێتە قالبی هاوسەرداریەتی و پێکەوەنانی ماڵێکدا.
عاشقانیش لەم کۆمەڵگایانەدا وەك هەموو تاکەکانی دیکەی غەیرە عاشقیش ئازاد نین لە مومارەسەکردنی ئارەزوو و حەز و ویستەکانییان. ناتوانن مومارەسەی عەشق بە ئاشکرایی بکەن. یان ئەگەر بشکرێت مومارەسەی بەشێکی عەشقەکان ئەکرێت. هەر عەشقێکیش بە هەموو بەشەکانییەوە مومارەسە نەکرێت. ناکرێت بە عەشقێکی تەواو و کاملان ناوی بەرین. ئەزانم لێرەدا من کەسانی عاشقم هەن و عاشق و مەعشوقن. لی کرداری عەشقەکەیان تەواو نیە و ناکرێت بڵێین ئەوانە عەشقێکی تەواو ئەکەن.
لە کۆمەڵی ئێمەدا. خۆشەویستی بە شێوەیەکی ناکامل دروست ئەبێت و رووئەدات. بەلاَم دوایی ئەبینین.

بەردەوامی پەیوەندییەکە بەو شێوەیە ناکرێت کە عاشقان
خۆیان مەبەستییانە و ئەیانەوێت بە ئازادی ئەو
مومارەسەیە بکەن. . دواییش کێشەی ئاشکرابوون و قسە و
قسەڵۆك چاوی خەڵکی و ترس لە زمانی عالەم. وا ئەکات
پەیوەندییەکە نەگاتە ئاستی کامل بوون. بەوەی هەردوو
کەسەکە عەقڵ و سۆز و جەستە بە بەردەوامی لەگەل یەك
بگۆرنەوە و بگەنە پلەی ئاوێتە بوون.
لێرەدا. ئەگەر دوو تاکەکە گەیشتنە رادەی هاوسەرداریەتی
و پێکەوەنانی خێزانێك و ماڵداری کردن. لێرەشدا
کۆمەڵی کێشەی دیکەی رۆژانە و ژیانیانەی ئابوری و
کۆمەلاَیەتی دێنە پێشەوە کە بەردەوام کاریگەری سلبی
لەسەر پەیوەندییەکان ئەبێت. بێگومان مەبەستم تەنیا
خراپی باری ئابووری نیە. بەڵکو لە باشترین باری
ئابوریشدا دیسان هەمان کێشەکان رووئەدەن و هەمان
رەهەندی باری خراپ ئاشکرا ئەکەن.
چونکە لە بنەمادا پەیوەندی خۆشەویستی کە لەسەر بنەمای
ئابوری ئاوا ناکرێت و عیلاقەی پێیەوە نیە. بە باش و بە
خراپەوە. ئەوا خۆشەویستی خۆی وەك چەمکێکی تایبەتی
نێوان هەردووکەس کە بە ئەقڵ و سۆز و جەستەوە لەگەل
یەکدی مومارەسەی ئەو ژیانە ئەکەن بی ئەوەی بنەمایەکی
ئابووری یان رۆشنبیری یان هەر بنەمایەکی دیکە دەستی لەو
هەڵبژاردنە. لەو مومارەسەیەدا هەبێت. ئاوا ئەم
بنەمایانە جارێکی دی دوای دروستکردنی ماڵ و
دامەزراندنی سیستەمێك بۆ ژیان و گوزەرانی ئەو دووکەسە.
لە ناو ماڵێکدا. کۆمەڵی دەلالاتی ئابوری و
کۆمەلاَیەتی و ئەخلاقی و رۆشنبیری پەخش ئەکاتەوە. ئیدی
لێرەدا کۆمەڵی پەیوەندی ئەکەوێتە نێوان ئەو
دووکەسەوە. کە ئەڵێین دووکەس. مەبەستم ئەوەیە ئەو
دووکەسە کەلەبەر باری کۆمەڵدا نەتوانراوە عەشقەکەیان
کامل بکەن وکاتێك لەگەل یەك لە رووی کۆمەلاَیەتییەوە
ئازاد ئەبن کە بەیەکەوە بژین (واتە هەمووکاتێك یەکدی
ببینن و فکر بگۆرنەوە و سۆز بگۆرنەوە و سێکس بکەن و
بی ئەوەی قسەو قسەڵۆك هەبن و کۆمەڵیش شەرعییەت بەو
کارانەیان ئەدات) کاتێك ئەو شەرعییەتە دروست ئەبێت لە
پاڵیشیدا کۆمەڵی ئەرکی دیکەی خێزانی و ئابووری و
ئەخلاقی و کۆمەلاَیەتی و دەروونی دروست ئەبن کە دیسانەوە
بەشێکی زۆری ئازادییەکانی تاك زەوت ئەکرێن و
ناتوانرێن مومارەسە بکرێن.
یەعنی خۆشەویستی کردارێکە بەر لە دامەزراندنی دەزگەی
خێزان لەبەر نەبوونی ئازادی تاکەکەس لە کۆمەڵدا و
هەبوونی کۆمەڵی قەیدی کۆمەلاَیەتی و دینی و ئەخلاقی و

رۆشنبیری. هتد. کامل و تەواو نابێت. دوای دامەزراندنی خێزانیش کۆمەڵی قەیدی دیکەی ئابوری و کۆمەلاَیەتی دیکە سەر هەڵئەدەن. لە هەر دوو باردا عەشق نابێتە کردارێکی تەواو و کامل. مرۆڤەکانیش ناگەن بە عەشق و نابنە عاشقی تەواو و کامل.
لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشی. ئایا عەشق کە هەبێت واتە عەشقێکی تەواو وکامل و هەرسی پنتە سەرەکییەکەی عەقڵ و سۆز و جەستە ئامادەن و دوو کەسەکەش ئاوێتە بوون. یان ئەکرێت عەشقێك هەبێت یەك یان دوو جەمسەری تێدا نەبێت و ئەویدیکەی هەبێت و دوو کەسەکەش ئاوێتە نەبووبن بە تەواوی؟ واتە ئەگەر تێکەڵیش بووبن لی نەیانتوانیوە رەنگێکی نوی خەڵق کەن. لەم حاڵەتەدا ئایا ئەمە عەشقێکی ناکاملە یان ئەسڵەن ناتوانین بەو پەیوەندییە بڵێین عەشق و تەنیا لە مەجالی پەیوەندییەکی هەستەوەری یان سۆزداری بی عەقڵداری و جەستەداری ئەمێنێتەوە؟
لێرەدا ئەتوانین ئەو پرسیارە دووبارە بکەینەوە کە عەشق تەنیا یەك جۆرە؟ یان زۆر جۆری هەن؟ لی لێرەدا بەو مانایە نا. باس لە پۆلینی عەشق بکەین بەوەی بە رۆمانسی سەریهەڵداوە و بە مۆدێرن گەیشتووە و لەو ناوەشدا عەشقی ئەفلاتۆنی و ئاگرینی و پاکیزەیی و هتد. هەن.
بەڵکو مەبەستمە بڵێم ئەکرێت بپرسین عەشق هەیە سۆز و جەستەیە. هەشە عەقڵ و سۆزە. هەشە عەقڵ و سۆزو جەستەیە. هەشە هەر سێکییانە بە ئاوێتەبوونەوە. هەیە تەنیا عەقڵە. . هەیە تەنیا جەستەیە. هەیە زیاتر سۆز و روحە. هەیە سۆز و روح و ئەندێشەیە. لی لێرەدا لە هەر هەموو بارەکاندا نە ئازار و نەتلانەوە سەرچاوەی سەرەکی ئەو عەشقانە نین. بەڵکو سەرچاوەکەیان عەقڵ یان سۆز یان جەستە ئەبێت.

ئەگەر سەرچاوەکە عەقڵ بێت:
ئەوا بە مانای تێگەیشتن و ناسین و گەران و کەشفکردن و پەیوەندیکردنێکی هوشیارانەی عاقڵمەندانەی دوور لە بەرژەوەندخوازی مادی و بتوانێت بەرامبەر بناسێت و ئاوێتەی بێت. دیاریشە لێرەدا مەبستم ئەوەنیە بڵێم هەردووکیان یەك بیرو بۆچوونیان سەبارەت بە چەمکەکانی ژیان و دونیا هەبێت و هەردووکیان وەك یەك شت لێکبدەنەوە و باوەریان پێبێت. تەنانەت رەنگە جیاوازی لە نێوان هەردووکیان لەسەر خودی چەمکی عەشقیش هەبێت و لەزۆر رووەوە لە یەکدییەوە دژی باوەری یەکدیش بن. وەك ئەوەی یەکیان زۆر بە دین بێت و باوەری بە لێکدانەوەی

دینی هەبێت بۆ دونیا و چەمکەکان. ئەوەی دیش بە پێچەوانەوە باوەڕی دیکەی هەبێت. ڕەنگە هەر دووکیان لە تەفاسیلی ژیاندا زۆر جیاواز و لە یەکدییەوە دووریش بن. وەلی هەردووکیان لەسەر کۆمەڵی بنەماوە کۆکن و یەك هەڵوێستن. هەر بۆ نمونە هەردووکیان باوەڕیان بە ئازادی تاك هەبێت. بە دیموکراتی لەماڵدا. بەقسە و گفتوگۆکردن لە جیاتی شەڕ. بە ڕێزگرتنی بەرامبەر. بەگەورەیی مرۆڤ. هتد. ئیدی مەبەست لە عەقڵ ئەمەیە کا ئەو دوو تاکە چەندین پنتی هاوبەشیان هەیە کە لە سەر ئەو پنتە هاوبەشانە چارەنووسی هاوبەش دروست ئەکەن.

ئەگەریش سەرچاوەی عەشقەکە سۆز بوو:
ئەوا سۆزیش بە مانای گۆڕینەوەی هەستەکان لەگەڵ یەکدی. کە دیسانەوەش ئەڵێم ڕەنگە سۆزەکان وەك یەك گەرم و گوڕ یان ساردو سڕ نەبن. ڕەنگە جیاواز بن و لێکەوە دوور بن. چونکە گومانی تێدا نیە سۆزی هیچ کەسێك ڕێك وەك سۆزی کەسێکی دیکە نیە. هەرگیز دووکەس وەك یەك سۆز وەرناگرن و نادەن. هەمیشە بە جیاوازی مرۆڤەکان سۆزەکانیش جیاوازن. لی لە کردەی عەشقدا ئەو دووکەسە سۆز ئەدەنە یەکدی و لە یەکدییەوە وەرئەگرن. ئەتوانن سۆزەکانیان لەناو یەکدیدا فەنا بکەن و بەردەوام لە پرۆسەی فەنابوون و نەفیکردنی سۆزەکانی یەکدییەوە بن.

ئەگەریش سەرچاوەی عەشقەکە جەستە بوو:
بەمانای حەزە سێکسی و ئەو حەزانەی جەستە و لەش بۆ مرۆڤی دروست ئەکەن. ئیدی ڕەنگە جەستە تەنیا سەرچاوەی وروژانی وزەی سێکسی نەبێت بۆ مرۆڤ یان بۆ عاشقەکان. ڕەنگە جوانترین خەیاڵ و سحراویترین چێژی سێکسی و شەهوەت و جوانی لە جەستەکانیان وەربگرن. جەستە تەنیا ئەو پنتانە نین کە جێی بایەخی مرۆڤن لە سێکسدا. بەڵکو پرچ و برژانگ و چاوو ددان و گەردەن و هتد. جێگەی بایەخن لە کردەی عەشقدا. و هەر شوینێك لە جەستە خاڵی نیە لە جوانی و پەخشکردنی جۆرەها ئامازە و ئیشاراتی ژیاندۆستی و عەشقاوی و پڕ بەهای مرۆڤانە. هەر بۆ نموونە زەردەخەنەی سەر دوولێوی سووری یان پەمبە ڕەنگە ئیحای جوانترین هەست بە مرۆڤ ببەخشێت پێکەنینێك ڕەنگە ببێتە هەوێنی بەسەربردنی خۆشترین شەو لە دیار ئەو پێکەنین و تریقانەوەیە.
با ئەوەش بڵێم. سێکس یان جەستە لە عەشقدا پنتێکی هەرە حەساسی مرۆڤ و کرداری عەشقە. چونکە فکر و سۆز ئەکرێت لەگەل زۆر کەس و شتدا دامەزرێت. مرۆڤ ئەتوانێت

سۆز بداتە گوڵێك. کەنارییەك. کۆترێك. پشیلەیەك. لی
جەستە جیاوازە. مرۆڤ عاشقی جەستەی کەسێکی دیکە ئەبێت.
کوڕ هی کچ و کچیش هی کوڕ. واتە لە ڕەگەزێکەوە بۆ
ڕەگەزێکی دیکەی جیاواز. وەك خۆی نا.
بێگومان دیارە ئەزانم هەیە حەزی لە هەمان جەستەی وەك
خۆی ئەکات. یان هەیە هەتا سێکس لەگەل زیاد لە کچێك
ئەکات یان هەتا سێکس لەگەل شتی دیکە ئەکات. لی لێرەدا
ڕەنگە باشیش نەبێت بڵێم سێکس. چونکە ڕەنگە ئەم
پەیوەندییانە. وەك کوڕێك لەگەل کوڕێك یان می لەگەل
می. یان مرۆڤ و شتێك یان ئاژەڵێك. یان هەتا هەموو
پەیوەندییەکانی نێر و مێش ناکرێت پێیان بڵێین
سێکس یان جنس. ڕەنگە بۆ هەموو حاڵەتێك لەوانەی سەرەوە
تەفسیری دیکە وناوی دیکە هەبن بتوانین باشتر
بیانناسین. هەروا بەئاسانی بەو کردارانەوە ناکرێت
بڵێین پەیوەندی سێکسی. یان هەرچ نەبێت پەیوەندی
سێکسی ئاسایی: بەمانای تەعبیرکردن لە ڕۆحی
عاشق بکات لە سێکسدا. کە ئەویش ئەوەیە تەواو بارگاوییە
بە جەستەی یەك کەس. یەك تاقە کەس. لەلای هەردوو
تاکەکاندا. بارگاوییە بە سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەو کەسە.
سێکس لێرەدا تەنیا جەستە نیە. بەڵکو چەند دەستلێدان
و مژین و سوری ئاسایی سێکسە وەك جەستە. هەندەش نەشوەی
روح و چێژی هەستەکان و درککردنی عەقڵیشە بە گەورەیی
مرۆڤ کە ئەتوانێت ئەو هەموو خۆشی و جوانی و مرۆڤایەتییە
برژێنێتە ناو جەستە و دڵ و روحی مرۆڤدا.
ئیدی لێرەدا خوێنەری بەرێز چەند لەگەل ئەوەیت کە
عەشق کردەیەکە پێویستی بە هەرسی تەوەری عەقڵ و سۆز و
جەستە هەیە و چەندیش لەگەل ئەوەیت کە ئەکرێت و ئەشێت
عەشق هەندێجار بە هۆکاری زۆرەوە تەنیا بتوانێت بگاتە
دوو تەوەر یان یەك و هەندێجاریش هەرسی تەوەرەکە.
لی خوێنەری خۆشەویست تۆ بڵێیت مرۆڤ بتوانێت بە
تەنیا بە عەقڵ بۆ نموونە ئاوێتەی کەسێکی دی ببێت و
ئەو کەسەش ئاوێتەی ئەو بێت. یان تەنیا بە سۆز یان
تەنیا بە جەستە. ئەو ئاوێتەبوونە ڕوودات؟!
ئەی ئەگەر روونەدات؟ پەیوەندییەکە ئەگاتە ئاستی عەشق و
خۆشەویستی؟ یان دیسان ئەو پرسیارە بکەینەوە یان ئەگاتە
ئاستی عەشق. بەلاَم عەشقێکی کامل نا؟!

تا ئێرە خۆشەویستان ئەوەی گوتراوە. هیچی بۆ سەلماندن و
سەپاندن نیە بەقەد ئەوەی بۆ دروستکردنی پرسیاری زیاتر و
بەردەوامن سەبارەت بە خۆشەویستی.
لی بالێرەدا ئەوەش بڵێم. خۆشەویستی ئەگەر وەلاَمێك

بێت. ئەوا پێموایە وەلاَمە بۆ خواستەکانی عەقڵ و سۆز و جەستە و رۆح و خەیاڵی مرۆڤ. ئەگەر گەرانێك بێت مومکین نیە گەران نەبێت لە عەقڵ و سۆز و جەستە و رۆح و خەیاڵی مرۆڤ.
ئەگەر سەفەر بێت. ئەوە سەفەرێکە بەرەو قوڵترین و گەرمترین پنتەکانی عەقڵ و سۆز و جەستەی مرۆڤ. لی نە هەرمرۆڤێك. مرۆڤێك لەرەگەزی دیکە و کەسێکی بی وێنە و نایاب. کەسێك کە لەکەس ناچێت و لە منیش ناچێت و هەوڵ ئەدەم لەناو ئەودا خۆم فەناکەم و ئەو لەناو خۆمدا فەناکەم. بە هەردووکمانەوە ببینە تاقانایەك.

* * * * * *

لە خۆشەویستییەوە بۆ پەیوەندی
لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی

رەنگە لێرەدا باش بێت بێم ئەوەش باس بکەم کە هەندێجار وا رێك ئەکەوی کە کەسێك چ کچ چ کور. هەست ئەکات کەسێکی خۆشئەوێت و ئەزانێت ئەو بە عەقڵ و سۆز و جەستەوە روو لەو کەسە ئەکات. لی ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی دیکە هەمان هەست و سۆز و رووکردنەی نەبێت. لەو کاتەدا ئایا ئەکرێت بە هەستی ئەو کەسە بۆ کەسی دووەم بڵێین خۆشەویستی یان عەشق؟ و بەهەستی کەسی دووەم بۆ یەکەم بڵێین خۆشەویستی نیە؟ یەعنی ئەکرێت پەیوەندی کەسی یەکەم بە کەسی دووەم خۆشەویستی بێت. لی پەیوەندی کەسی دووەم بەیەکەم خۆشەویستی نەبێت؟ ئایا ئەکرێت پەیوەندییەکی لەم بابەتەوە هەبێت؟
رەنگە ئەوە بمانباتە سەر ئەوەی سەرەتا پرسیار بکەین کەسی یەکەم پێش ئەوەی باش کەسی دووەم بناسێت توانیویەتی بە عەقڵ و سۆز و جەستەوە تێکەڵی بێت؟ ئایا ئەکرێت ئێمە پێش ئەوەی قسە لەگەل کەسێك بکەین لە رووی هزرییەوە تێکەڵ بەیەك بین و یەکدی بناسین؟ ئایا ئەشکرێت بی گۆرینەوەی سۆز لەگەل یەکدی بتوانین سۆزی یەکدی قبوڵ بکەین و هەستی یەکدی بناسین؟ ئەگەر لە رووی جەستەییشەوە تەماسمان نەبووبێت ئەکرێت شارەزای جەستەی یەکدی ببین و بە ئاسانی لەیەکەم بەریەککەوتندا تێکەڵ و ئاوێتەی یەك بین؟
ئەمەوێت ئەو پرسیارە بکەم. کە زۆربەی چیرۆکەکانی خۆشەویستی لە لای گەنجانی ئێمەدا بەوە دەست پێناکات کە کەسی یەکەم و دووەم باش یەکدییان ناسیبێت و شارەزای

عەقل و سۆز و جەستەی یەکدی بووبن. رەنگە زیاتر لە رووی
جەستەییەوە بە حوکمی ئەوەی بە هەستی بینین تەماشا
ئەکرێت و کەسەکان ناسنامەی جوانی بدەنە جەستەکە و
قبوڵی بکەن و ئاسۆییەکی گەش و رۆشنی تێدا ببینەوە بۆ
پەیوەندی کردن بە خاوەنی جەستەکەوە. لی لە لایەنی هزری
و سۆزدارییەوە شارەزای یەکدی نین و ناشتوانن تێکەڵی
یەکدی بن.
ئەکرێت ناسینی جەستە بە تەنیا بەس بێت بۆ سەرەتای
دامەزراندنی پەیوەندی خۆشەویستی؟ و دوای ناسینی جەستە
کەسەکان هزر و سۆز و روحی یەکدیش بناسن و ببنە خودان
عەشقێکی تەواو؟
یان نەخێر نابێت و ئەو پەیوەندییە نابێتە خۆشەویستی
ئەگەر لە سەرەتادا هەر سی بەشەکەی تێدا ئامادە نەبێت؟
چونکە مەرج نیە ناسینی جەستە ببێتە پردێك بۆ پەرینەوە
بۆ ناسینی هزر و سۆزەکانیش. رەنگە خۆشەویستییەکە تەنیا
بۆ جەستە بێت و دواییش دوای ماوەیەکی کەم یان زۆر
کۆتایی پی بێت. لەم کاتەدا نابێت بڵێین
پەیوەندییەکە خۆشەویستی بوو.
بەلاَم خۆ رەنگیشە دوای ناسینی جەستە و دەستپێکردنی هزر
و سۆز گورینەوە پردی نوێتر و بەهێزتر لە جەستە لە
نێوان دووکەسەکە دروست بن و بگاتە رادەی عەشق؟
ئەمەیان رەنگە بقەومێت بەلاَم رەنگیشە نا. یەعنی
سەرەتای پەیوەندییەکە خۆشەویستی نیە. بەلاَم دوایی بۆی
هەیە لەگەل گەشەکردنیدا ببێتە خۆشەویستی.
ئەگەر بەم واتایە بێت ئەو چیرۆکانەی سەرەتا لە
خاڵێکەوە دەست پێئەکەن و مرۆڤ پێی وایە کەسەکەی خۆش
ئەوێت بۆیە ئەچێت موسارەحەی ئەکات ئەوانە پەیوەندییەکن
هێشتانەکە نەگەیشتوونەتە رادەی خۆشەویستی. بەڵکو
سەرەتای پەیوەندییەکن یان پردێکن ئەگەر بێتوو
دووکەسەکە بتوانن بەشەکانی دیکە لەگەل یەك بگۆرنەوە و
تێکەڵ ببن ئەوا رەنگە ببنە خۆشەویستی یەکدی. بەلاَم
ئەوەی سەرەتا رەنگە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی کراوەو ئازاد
بین ئەوە بی ئەوەی پەیوەندییەکە بکەینە چوارچێوەی
خۆشەویستی و حەزلێکردنەوە ئەوە رەنگە ئەم پەیوەندییە
زۆر بە ئاسایی لە نێوان تاکەکانی هەر گروپێکدا رووبدات
بەوەی قسە لەگەل یەك بکەن و پەیوەندی برادەرانە یان وەك
هەردوو خوێندکار بەیەکەوە یان کرێکار پێکەوە یان
فەرمانبەر لە شوێنێك بە هۆی کارەوە پەیوەندی بەیەکەوە
بکەن. ئەو پەیوەندییە سەرەتایە بۆ برادەرایەتی و یەکتر
ناسینی زیاتری یەکدی و پردێکە بۆ پەرینەوە بۆ
پەیوەندییەکی جوانتر و بەهێزتر و قووڵتر کە دوور نیە

ببێتە خۆشەویستی.
چونكە مەعلومیشە لای ئێمە دەرفەتی ئەوە زۆر كەمە كە تۆ بەهەر سی بەشەوە تێكەلاَوی كەسێكی دیكە بیت و ئنجا داوای خۆشەویستی لێبكەی. بەڵكو كۆمەڵگەی ئێمەی رەنگە تەنیا دەرفەتی تەماشاكردن بدات نەوەك تێكەڵ بوون و یەكدی ناسین و پەیوەندی كردن. بۆیە زۆربەی خۆشەویستییەكان لە جیاتی ئەوەی دوای پەیوەندیكردن دروست ببن. بە پێچەوانەوە لێرەدا پەیوەندییەكان دوای موسارەحەكردن و بەڵێنی خۆشەویستی دان بەیەكدی دروست ئەبن؟؟!! كە ئەمەش پێچەوانەی كردەی هەم خۆشەویستی و هەم پەیوەندیكردنە. بۆیە ئەوەی سەرەتا بە خۆشەویستی ناوی ئەبرێت ئەو تەنیا سەرەتای پەیوەندی دووكەسە. ئەوەی ئەبێتە پەیوەندیش رەنگە كردەی خۆشەویستییەكە بێت. یەعنی سەرەتا خۆشەویستی دەست پێئەكات ئینجا پەیوەندیكردن. لێرەدا خۆشەویستییەكە زادەی پەیوەندی دووكەسەكە نیە. بەڵكو پەیوەندییەكە زادەی خۆشەویستی دووكەسەكەیە. ؟! ئەمەش دوورە لەو تێگەیشتنەی ئێمە بۆ پەیوەندی و خۆشەویستی پێشبەری ئەكەین.
هەر رەنگە لەم سۆنگەیەشەوە بڵێم ئەمە سەرەكیترین هۆكارە بۆ ئەو كۆتاییەی كە كەسەكان لەو پەیوەندییە ئەیگەنی و پێیان وایە شكستی چیرۆكی خۆشەویستییانە. بەلاَم لە راستیدا ئەمە شكست و كۆتایی هاتنی چیرۆكی خۆشەویستییەك نیە كە ئەو دووكەسە بریاری جیابوونەوە و كۆتایی لەسەر ئەدەن. بەڵكو تەنیا برینی ئەو پەیوەندییە لاوازەیە كە نەتوانراوە گەشەی پێبدرێت و بگاتە رادەی پەیوەندی خۆشەویستی. بە هیچ جۆرێك ئەوانە كۆتایی عەشق نین. تەنیا و تەنیا كۆتایی پەیوەندییەكن كە هەر لە بنەمادا بە ناوێكی لە خۆی گەورەتر بارگاویكراوە. پەیوەندییەكە لەلای هەردووكەسەكەوە نەناسراوە و ناسنامەیەكی حەقیقی نەبووە. بۆیە ئەبێت دڵنەوایی ئەو گەنجانە بدەینەوە كە ئەوان پێیان وایە هەر یەكەیان خاوەنی دوو یان سی یان زیاتری چیرۆكی خۆشەویستی و عەشقی شكست خواردوون. من پێیان ئەڵێم كورو كچە جاو جوانەكان هێشتانەكە نەبوونەتە خاوەنی چیرۆكی خۆشەویستی خۆتان. كە بوونە خاوەن. دڵنیابن شكستی تێدا ناهێنن؟!

* * * * * *

درككردنی خود

هەر لەم بەشەدا وتەیەكی فرۆم ئەخوێنینەوە كە ئەڵێت ( خۆشەویستی تەنیا ئەوكاتە ئیمكانی هەیە كە دووكەس لە كانگای بوونی خۆیانەوە لەگەل یەكتردا گفتوگۆ بكەن. واتە هەر یەكەیان خۆی لە كانگای بوونی ئەویتردا دەرك و ئەزموون بكا)

لێرەشدا ئەپرسین مرۆڤ چۆن و بە چ رێگەیەك ئەتوانێت خۆی لە كانگای بوونی ئەویتردا دەرك و ئەزموون بكات؟ كە دەڵێین (خۆی) ئەزموون بكات. یەعنی چی؟

(خۆی) چیە؟ ئەگەر عەقڵ و جەستە و سۆز و روحی خودەكان نەبێت؟ بە چیش و لە چ كاتێكدا ئەو خودانە خۆیان لە كانگای یەكدی ئەبیننەوە. ئەگەر بە گۆرینەوەی عەقڵ و سۆز و جەستە نەبێت؟

هەروەها پرسیارێكی دیكەش لەم پەرەگرافەدا دروست ئەبێت كە سەرەتا ئەڵێت (خۆشەویستی راستەقینە) ئەم وشەی ( راستەقینە) جۆرێكی دیاریكراوی خۆشەویستی دەستنیشان ئەكات و بە مەجازیشەوە پێمان ئەڵێت كە جۆرێكی دیكەی خۆشەویستیش هەیە كە رەنگە درۆ بێت و یان ساختە و یان قۆپیە بێت. ؟؟! ئەگەر وابێت ئەوا تێئەگەین كە لە خۆشەویستی درۆزنانە و ساختەدا خودەكان ناتوانن خۆیان لە كانگای بوونی ئەویتردا دەرك و ئەزموون بكەن.

باشە لێرەدا ئایا ئەو پەیوەندییە هەر لە بنەرەتدا خۆشەویستی نیە؟ یان خۆشەویستییە. بەلاَم خۆشەویستییەكی درۆزنانەیە؟ باشیشە لێرەدا بڵێم ئەرستۆ ئەڵێت (ئەو خۆشەویستییەی رۆژی لە رۆژان كۆتایی پێهات ئەوا لە بنەمادا خۆشەویستی نەبووە. )

ئەگەر پەیوەندیش گەیشتە ئەو رادەیەی واقیعبوونی مرۆڤ بەیانكات كە لە كانگای بوون دایە وەك فرۆم باسیكرد. و ژیان و ئەڤینیش هەر لەوێن. ئیدی ئەم كانگای بوونە ئەبێت ئەو ئاوێتە بوونە دروستی كات كەوا لە مرۆڤەكان ئەكات وەها ئاوێتەی یەكدی ببن تاوەكو رەنگی زەرد و شین كە كەسكیان دروستكرد. ئەبێت ئەو دوو تاكە كەسەش لەو ئاوێتە بوونەدا لە خەڵقكردنی تاقانەیەكدا بگەنە ئەو كانگای بوونە. تا لەوێوە بەردەوام ئەو كانگا نوێیە بن پێكەوە. كە هەمیشە توخمێكی یان رەگەزێكی نوێن و هەمیشەش بەو نوێیەتییە بەرەو سەرووتر هەڵئەكشێن وەك لە نموونەی ئاویشدا روونمان كردەوە. خۆ ئەگەر ئاو شیبكەینەوە ئەوا ناتوانین دیسان هەمان هایدرۆجین و ئۆكسجینی جارانمان دەست كەوێتەوە. بەڵكو ئاومان هەیە. ئەو رەگەزە نوێیەی لە ئاوێتەبوونی دوو رەگەزدا دروست بوو. بۆیەشە نەوەك تەنیا ئەو خۆشەویستییە تێكۆشانێكی هەمیشەییە و جوڵەیە و پێگەیشتن و هاوكارییە. بەڵكو

زیاتر لەمە نەفیبونێکی بەردەوامی ئەو دوو رەگەزەیە لە
رەگەزێکی بالاَتردا. نەفیبونی ئەو دوو تاکەکەسەیە لەناو
کەسایەتییەکی بالاَتری نوێتری قولْتری سۆزدارتری
ناسکتری حەساستری وشیارتری زیرەکتر و جوانتر و
سەوداییەکی هەمیشەییە لە هەموو ساتەکانی وجودیاندا. ئیدی
نەفیبونی دوو وجودە بۆ وجودێکی رەهاتر و ئازادتر. بۆ
خودێك کە سنوور لەگەل ئەویدیکەدا هەلْئەگرێت و تخوب لە
نێوان ئەو و ئەویدیدا نامێنێت.

* * * * * *

خۆشەویستی لە نێوان ئارەزوو و هەستکردندا

هەر لەم بەشەدا مام رێبوار خۆیشی یێژی پێش ئەوەی
بەشەکە بە کۆتا بێنی باسی سی بیرمەندی دیکە ئەکات کە
یەکێك لەوانە (فرانسوا فۆرکیە) یە لە ژێر ناوی وەهمی
خۆشەویستیدا باس لە دوو تەوەری گرنگ ئەکات. یەکەمیان بە
پەراوێزبوونی خۆشەویستییە لە ناو سەرمایەی مادیدا.
دووەمیشیان کورتکردنەوەی مرۆڤە بۆ تەنیا عەقلْ. بۆیەشە
مرۆڤ خۆشەویستی بزرکردووە و ئەوەی ئەشکرێت لە وەهمی
خۆشەویستی زیاتر نیە.
لێرەدا لە پالْ ئەم دووتەوەرە گرنگەدا. لە پالْ هەلْپەی
مرۆڤەکان بۆ سەرمایەی مادی و دۆرانی سەرمایەی رۆحی. یان
مەعنەوی یان سۆزداری یان هەستەوەری. یان عەشقدۆستی و
ژیاندۆستی. دواییش ونکردنی چەند پارچەیەکی پڕ بایەخ و
گرنگی مرۆڤ لەوانە دلْ و سۆزی دلْ. لەناو ئەم رەوشەی
کۆمەلْگەی هاوچەرخدا. مرۆڤ بیری چووە کە مرۆڤ تەنیا
عەقلْ نیە. هەروەها لەبەر ئەم بیر چوونە و بزرکردنی
پارچەکانی مرۆڤ. مرۆڤ بە خۆشەویستی و عەشق نامۆ بووە و
. ئەم چەمکە بۆتە وەهمێك و مرۆڤ ناتوانێت بیناسێت و
مومارەسەی بکات. لێرەشدا لەپالْ ئەم رەوشەدا. شارەزای
وشەیەکی دیکەی نوی ئەبین کە ئەویش وەهمی خۆشەویستییە.
کە رەنگە بە شێوەیەك لە شێوەکان بتوانین بلْێین
شێوەیەکی نوی یان جۆرێکی نوێی خۆشەویستییە لە
کۆمەلْگە هاوچەرخەکاندا.
لێرەشدا پرسیارەکەی خۆمان دووبارە ئەکەینەوە.
خۆشەویستی ئەگەر حەقیقەت نەبێت. ئەکرێت وەهم بێت؟
شتێك هەیە بە ناوی وەهمی عەشق و عاشقە وەهمییەکان؟ چۆن
ئەتوانین عشق بکەین و عاشق بین کە نازانین عەشق چیە؟
رەنگە کێشەی زانین هەندە گەورە نەبێت و رەنگە مرۆڤ
عەشق بکات بی ئەوەی پێشی بزانێت؟! بەو مانایەی رەنگە

ئێمە ئاوێتەی کەسێکی دیکە بین عاشقی بووبین و عەشقی
لەگەلدا بکەین لە عەقل و سۆزی دڵ و جەستە و روحدا. لی
نەتوانین پەی پی ببەین و بیناسین و تەفسیری بکەین.
ئەمەیان شیاوە و ئەلوێت. لی ئەوەی شیاو نیە و نالوێت
ئەوەیە لە کاتی زانینی عەشقیشدا. واتە ئەگەر
مەعریفەشمان لەسەر عەشق هەبێت. ئەوا مانای وا نیە کە
ئێمە عاشقین و عەشق ئەکەین. لێرەدا ئەکرێت عاشقی عەشق
بین. بەو مانایەی ئێمە ئارەزووی عەشق بکەین نەوەك هەست
بە عەشق بکەین. کە لێرەشدا لە نێوان (ئارەزوو و
هەستکردندا) واتە (رەغبە و شعورکردندا) جیاوازی زۆرە (
ئارەزووی خۆشەویستی) و (هەستکردن بە خۆشەویستی) دوو
چەمکی تەواو لە یەکدی جیان.
لە یەکەمیاندا ئەکرێت خۆشەویستی بناسرێت و تەفسیر
بکرێت و شەرح بکرێت. لیوەك کردار ناکرێت. لە
دووەمیاندا رەنگە نەناسرێت و تەفسیر نەکرێت و شەرح
نەکرێت وەلی بەکردار ئەکرێت. یان رەنگیشە بناسرێت و
تەفسیر بکرێت و شەرح بکرێت و مومارەسەش بکرێت.
ئەلێرەدا جیاوازی لە نێوان نمایشی خۆشەویستی و ژیانی
خۆشەویستی بەدیار ئەکەوێت. کە رەنگە مەعریفەی زۆر و
زەبەندی کۆمەڵگەی مۆدێرن و هاوچەرخیش ناتوانێت یەك
زەرە عەشق بکاتە دڵمانەوە لە بارێکدا کە خۆمان. خۆمان
ونکردووە. لە کاتێکی دیکەدا رەنگە لە کۆمەڵگە
دواکەوتووەکانیشدا کە خاوەنی خۆمانین وەك بوێکی عاقڵ و
دڵدار و سۆزدار و خەیاڵدار و روحدار و جەستەدار و.
ئەوا با بی مەعریفەش بین لەبارەی خۆشەویستی و دونیاش.
بەلاَم ئەتوانین ژیانی خۆشەویستی بژین. یەعنی خۆشەویستی
بەزانین و نەزانین نیە. ئەگەر وابوایە. نەدەبوو
نەخوێندەوار و تەنبەڵەکان عاشق بن و عەشق بکەن.
هەروەها ئەبوایە هەموو خوێندەوارەکانیش عاشقی گەورە
بوونایە.

* * * * * *

رۆژی خۆشەویستی

لەبەشی سێیەمی کتێبەکەدا کە دووتەوەری لە خۆ گرتووە.
یەکەمیان ئاوابوونی خۆشەویستی و دووەمیشیان ترس لە
خۆشەویستی. مام رێبوار لێرەدا لە (باری خۆشەویستی)
دا بە ئنجیل دەست پێئەکات و بە باسی گروپی عاشقانی
گەنجەکانی زانکۆی سلێمانی و رێپێوانی گەنجانی زانکۆی
سەلاحەدین ئەگات. و ئەڵێت (مەترسی ئاوابوونی

خۆشەویستی بەشێکە لە واقیعی ژیانی کوردیشدا) دواییش
لەتەوەری دووەمدا دێتە سەر ترس لە خۆشەویستی و
روونکردنەوەی هۆکارەکانی ئەو ترسە لە کەلتورەکاندا و ترس
لە ئافرەت و لە مێینە و دەرخستنی ئاستی هزری و فەلسەفی
سەبارەت بە ئافرەت و روونکردنەوەی بەهای ئافرەت لە ئاست
کلتورو رۆشنبیری گشتی کۆمەلاَیەتیدا. و رەنگدانەوەی ئەم
تێگەیشتنانە لەسەر پەیوەندییە سۆزدارییەکاندا.
دوای ئەوەش لەبەشی چوارەمدا مام رێبوار دێتە سەر باسی
سەرەتاکانی بیرکردنەوەی کۆمەلاَیەتییانە لە ژیانی
هەستەوەری و سۆزگۆڕینەوە لە گوتاری رۆشنبیری کوردیدا.
لە گەریدە خۆرهەلاَتناسەکانەوە دەست پێئەکات و ئەگاتە
مەلا مەحمودی بایەزیدی و پیرەمێرد و کامەران موکری و لە
بەشی پێنجەمیشدا باس لە ژیانی هەستەوەری و سۆزگۆڕینەوە
لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی کوردستاندا ئەکات. کەلەم بەشەشدا
مام رێبوار بیرمان دێنێتەوە کە باسەکەی زیاتر لەوەی
توێژینەوە و شیکارکردن بێت. دەربرینی هەندی سەرنجی
تایبەتە.
سەرنجەکانی مام رێبواریش لەم بەشەدا ئەچنە خانەی
کەشفکردنی عەقڵییەتی سەلەفی و رەخنەگرتن لەو عەقڵییەتە
نێر سالار و کۆنخوازەی ری لە نوێبوونەوە و بەها
مرۆییەکان و بەختەوەری مرۆڤ ئەگری.
دیارە لەم سالاَنەی دواییدا. یان راستتر دوای راپەرین.
وەك مام رێبواریش زۆر جوان باسی ئەکات. کۆمەڵگەی
کوردی بە هەموو شێوەیەکەوە نێری کوردی وەها بە ئیمتیاز
و گەورە کرد. بەهای هەندە گەورەی پێبەخشی. کە ئیدی
بواری نەهێشتەوە بە هیچ شێوەیەك رێی هیچی لی بگیرێت
بە تایبەتی تەماهەکانی جەستەی نێری کورد کە لەدوای
راپەرینەوە وەك بورکانێك بەردەوام لە تەقینەوە و
خۆهاوێشتن و گەورەبووندا بوو. لەولاشەوە ئافرەت یان می
زیاتر و زیاتر ئەبووە تەنیا جەستە و سێکس.
دوای هەڵگیرسانی شەری ناوخۆ و بلاَوبوونەوەی زیاتری
ئیسلامی سیاسی. دواتریش گۆرانی باری ئابوری بەرەو باشتر
و پەیدابوونی کۆمەڵێك لە دەوڵەمەندانی گەورەو قەبە.
ئەمانە و گەلی هۆکاری دیکەش وایکرد نێری کوردی سوود لە
هەموو بەها و عادەت و عورفە دینی و کۆمەلاَیەتییەکان
ببینێت و گوتاری نێرینەی خۆی زیاتر و زیاتر پەرە
پێبدات و سێکسی خۆیشی بە زیاترین و زۆرترین شێوە و
لەگەل زیاترین می مومارەسە بکات. لێرەدا من نامەوی
سەرنجەکانی مام رێبوار دووبارە بکەمەوە. لی ئەمەوێت
ئەوە زیاد بکەم کە لەم دواییانەدا چۆن باس لە کێشەی بە
قەیرەبوونی کچان ئەکرێت و هەوادارانی گروپە

ئیسلامییەكانیش زیاتر چۆن پێشبەری فرە ژنهێنانی ئەكەن و چۆن تەنزیر بۆ ئەوە ئەكەن و بی شەرمانەش ئەم داوایەیان تەرح ئەكەن وەك ئەوەی لە بەرژەوەندی كچە قەیرەكاندا بێت. دوای ئەوەش تێبینی ئەوە ئەكەین كە چۆن تەمەنی كچان ئێستاكە تاكە پێوەرە بۆ حسابكردنیان بە قەیرە و گەیشتۆتە رادەیەك كە رەنگە هەر لە نزیكەی سەرووی بیست ساڵییەوە كچ بە قەیرە حساب بكەن. ئەگەرچی قەیرە وەك چەمكێك خۆی جێگەی گومانی گەورە و رامانی زیاتر و بیری تیژتر و قوڵترە. جێی لەسەر وەستان و ناسین و لێكۆڵینەوەیە. شایانی ئەوەیە لە رەگەكانی ئەم چەمكە بكۆڵدرێتەوە و بزانرێت چۆن دروست بووە و لەسەر دەستی چ رۆشنبیرییەك و كەلتورێك رۆژ بەرۆژ مەساحەیەكی زیاتر و زیاتری تەمەنی كچان و خوشكانمان داگیر ئەكات و چەندین كاریگەری سلبی لەسەر كۆمەڵ بە گشتی هەیە. بەلاَم با ئێمە جاری واز لەوە بێنین كە خۆی هەر ناوی قەیرە و چەمكی قەیرە ناوێكە پڕ لە بەهای نێرخوازانەی مەرەق بە كچی منداڵ و منداڵتر لە پێناو چێژی سێكسی و تەنیا سێكسدا. لە عەقڵییەتێكی تا سەر ئێسقان بەرژەوەندخواز. تەماع لە جەستەی ئافرەت. بەلاَم وەك گووتم با جاری واز لەم باسە بێنین و تەنیا ئەوەندە بڵێین كا ئەم بچووكردنەوەی مەساحەی تەمەن لەسەر كچدا تەماشایەكە چەند دوورە لە هەستی سۆزداری و پەیوەندییەكی مرۆڤانەدا. چەند تەماشایەكی بی بایەخ و بی بەها بۆ كچ و ئافرەت دروست ئەكات؟ دواییش چ تەعبیرێكی روون و ئاشكرایە لەسەر تورەهاتیی هەندی لایەنی پەیوەندییەكانی نێر و می لە كۆمەڵگەی ئێمەدا؟

خاڵێكی دیكەش رەنگە باش بێت لێرەدا سەرنجی بدرێتی ئەویش ئەوەیە دوای رووخانی رژێمی دكتاتۆری. دیاردەی لێشاوی ئەو كوڕە كوردە جوانانەیە ئەو گەنجانەی كە زادەی بیری كلتوری كۆمەڵی ئێستای كوردین. وەك ئەوەی من ئاگەدارم كە لە شاری موسڵ بە لێشاو روو لەو مالاَنە ئەكەن كە كچان و ژنانی عەرەب لەشی خۆیانی تێدا ئەفرۆشن و ئەو كوڕو گەنجانە لە پیسترین و نابووتترین بارودۆخدا مومارەسەی سێكس یان بە زمانی خۆیان (سواربوون) لەگەل ئەو مێیانە بە پارە ئەكەن و چۆن چۆنی ئەو مومارەسانە ئەكەن. چۆن باسی ئەو جووتبوون و مومارەسانە ئەكرێت و چۆن باسی كوڕە گەوادەكان و كچە قەحپەكان و پەیوەندی نێوان ئەوان و ئەوانەوە ئەكرێت. ئیدی ئەوە گەنجانمان بە لێشاو روو لەو مالاَنە ئەكەن و رۆژانە بە دەیان و سەدان گەنج ئەكەونە ناو ئەو پەیوەندییانەی پڕن لە تەماشای ناشیرن و دیتنی ناخۆش بۆ ژن و ئافرەت و مرۆڤ بە

گشتی. بۆ سێكس و جووتبوون و پەیوەندی لەگەل
ئەویدیدا. بێگومان ئەو پەیوەندییانە. ئەو رووكردنە ئەو
مالاَنە هەروا بە بی كاریگەری سلبی بەسەر هزر و بیری
ئەو گەنجانەدا رانابووریت و هەرواش بە بی كاردانەوەی
خراپ بەسەر مالی ئەو گەنجانەدا تێپەرِ نابێت. هەرواش
نابێت كە كاریگەری خراپ نەكاتە سەر ژیانی هەستەوەری و
سۆزداری هەر گەنجێك لەو گەنجانە و لەسەر تەواوی كۆمەلی
ئێستاماندا. بۆیە پێویست ئەكات زیاتر لەوبارەیە
بكۆلینەوە و هەست بە مەترسی ئەو دیاردەیە بكەین و
بزانین ئەم دیاردەیە چەند ئەتوانێت پەیوەندییەكانمان و
روانینمان بۆ ژن و كچان پرِ كات لە گومان و ترس و نەخۆشی
و ئاوابوونی خۆشەویستی.
چۆن وا ئەكات كار بگاتە ئەوەی ئەو گەنجانە دوایی زۆربەی
كچانی ئەم ولاَتەش وەك ئەو كچانە تەماشا كەن كە لە
ماوەیەكی كورتتدا بەبەر چاوی ئەوان لەبن دەیان كەس
رائەكشێن و جووت ئەبن بی ئەوەی نە چێژێك و نە سۆزێك
و نە هەستێكی خۆش و ئینسانییانە لەو جووتبوونانە
وەرگرن. ئەترسم كار بگاتە ئەوەی كچە نزیكەكان و خوشكانیش
بەو تەماشایە گەمارۆ دەن. .
دواییش بگەینە ئەو ئەنجامەی كە پێش ئەوەی رۆژی
خۆشەویستی لای گەنجانی كۆمەلگەكەمان لەدایك بێت و
هەلبێت. ئاوا ببێت؟!